مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

# التنشئة السياسية وعلاقتها بتشكيل الوعي بالأمن القومي دراسة تطبيقية في إقليم كوردستان

م.م. مريوان حسن مصطفى
كلية الاداب، جامعة صلاح الدين
أربيل، أقليم كوردستان، العراق.
marewan.mustafa@su.edu.krd

أ.د. عبد الحميد علي سعيد برزنجي
كلية الاداب، جامعة صلاح الدين،
أربيل، أقليم كوردستان، العراق.
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: التثقيف السياسي، الأمن القومي، السياسة، الأسرة

**كيفية اقتباس البحث**
مصطفى , مريوان حسن , عبد الحميد علي سعيد برزنجي, التنشئة السياسية وعلاقتها بتشكيل الوعي بالأمن القومي دراسة تطبيقية في إقليم كوردستان,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

التنشئة السياسية وعلاقتها بتشكيل الوعي بالأمن القومي دراسة تطبيقية في إقليم كوردستان

# Political Socialization and Its Relation to Shaping National Security Awareness:An Empirical Study in the Kurdistan Region

**Assistant Lecture, Marewan Hassan Mustafa**
**Department of Sociology, Collage of Art, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan, Region, Iraq.**
**marewan.mustafa@su.edu.krd**

**Prof. Abdulhameed Ali Saced Barzinchi**
**Department of Sociology, Collage of Art, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan, Region, Iraq.**
**abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd**

**Keywords** : Political education, national security, politics, family

**How To Cite This Article**
Mustafa , Marewan Hassan ,Abdulhameed Ali Saced Barzinchi , Political Socialization and Its Relation to Shaping National Security Awareness:An Empirical Study in the Kurdistan Region ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

Political socialization is considered one of the most essential mechanisms within the political processes of states and societies. Through its formal and informal institutions, it establishes the foundations for educating and preparing individuals to engage in political life and to comprehend the social and political realities of their environment. It also contributes to fostering a sense of citizenship and developing an identity capable of assuming responsibility.

As a result, political development and progress emerge, appearing most clearly in the enhancement of political awareness. This heightened awareness encourages broader political participation, shapes political attitudes, and contributes to the advancement of democratic processes.

National security is closely linked to the nature of political orientation, patterns of governance, the functioning of political parties, and the prevailing political culture within society. These elements interact with one another at multiple levels and in various directions, influencing the stability and resilience of the political system. Every scientific research requires a number of tools and methods, which vary according to the nature of the research, one of the steps of conducting research Science is the identification of the research method, which in order to achieve the goals of research and link the theoretical and field aspects of research, eventually becomes a tool For the general direction of the research, because our research is quantitative, it is necessary to choose the research method consciously to determine the other procedures of the research For this purpose, the researcher relied on the descriptive method.

**الملخص:**

تعد التنشئة السياسية إحدى أهم الآليات في العمليات السياسية داخل الدول والمجتمعات. فمن خلال مؤسساتها الرسمية وغير الرسمية، تُرسّخ الأسس اللازمة لتعليم الأفراد وإعدادهم للمشاركة في الحياة السياسية وفهم الواقعين الاجتماعي والسياسي في بيئتهم. كما تسهم في تعزيز روح المواطنة وتنمية هوية قادرة على تحمّل المسؤولية.

وينتج عن ذلك تطوّر سياسي وتقدّم يظهران بشكل واضح في تعزيز الوعي السياسي، الأمر الذي يشجّع على توسيع نطاق المشاركة السياسية، ويُسهم في تشكيل الاتجاهات السياسية، ودعم مسارات التطوّر الديمقراطي.

وترتبط قضايا الأمن القومي ارتباطًا وثيقًا بطبيعة التوجّه السياسي، وأنماط الحكم، ودور الأحزاب السياسية، والثقافة السياسية السائدة في المجتمع. وتعمل هذه العناصر في تفاعل مستمر على مستويات عدّة وفي اتجاهات مختلفة، بما يؤثر في استقرار النظام السياسي وصلابته

يتطلب كل بحث علمي عددًا من الأدوات والأساليب، والتي تختلف باختلاف طبيعة البحث. إحدى خطوات إجراء البحث العلمي هي تحديد منهج البحث، الذي يصبح في نهاية المطاف أداةً لتحديد الاتجاه العام للبحث، وذلك لتحقيق أهداف البحث وربط الجوانب النظرية والميدانية

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

للبحث. ولأن بحثنا كمي، فمن الضروري اختيار منهج البحث بوعي لتحديد الإجراءات الأخرى للبحث. ولهذا الغرض، اعتمد الباحث على المنهج الوصفي.

# رۆڵی پێگەیاندنی سیاسی لە پێکهێنانی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان)

**م.ی. مريوان حسن مصطفى**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
marewan.mustafa@su.edu.krd
**پ. د. عبد الحميد علي سعيد برزنجي**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
abdulhameed.barzinchi@su.edu.krd

## پوختە

پێگەیاندنی سیاسی (Political Socialzation) بە یەکێك لە ئامراز و ڕێگە گرنگەکانی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتان و کۆمەڵگەکان هەژمار دەکرێت، لە ڕێگەیەوە دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان بونیاد دەنرێتەوە، کە بایەخ بە پەروەردە کردن و ئامادەکردنی تاك دەدەن بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی و تێگەیشتن لە واقعی کۆمەڵگە، هەروەها بەخشینی هەستی هاوڵاتیبوون و پێگەیاندنی نەوەیەك کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی هەبێت، بەمەش گەشە و پەرەپێدانی سیاسی بەرهەم دێت کە خۆی لە پێگەیاندنی ڕۆشنبیری سیاسی دەبینێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی پانتایی بەشداری سیاسی و بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراتی، ئاسایشی نەتەوەیی یەکێکە لەو پرس و بابەتانەی پەیوەندی هەیە بە چۆنیەتی ئاڕستەی سیاسی و حکومڕانی و شێوازی کاری پارتە سیاسیەکان و کۆی کایەی سیاسی کۆمەڵگە.

**وشە سەرەکییەکان: پێگەیاندنی سیاسی، ئاسایشی نەتەوەیی، سیاسەت، خێزان**

## پێشەکی

ئاسایشی نەتەوەیی چەمکێکی فرەڕەهەندە سەرجەم بوارە کولتووری و سیاسی و فاکتەرە کۆمەڵگەیەکان دەگرێتەوە و تەنیا لە توانای سەربازی بۆ پاراستنی سنوورەکانی وڵاتدا قەتیس ناکرێ. گومانی تێدا نییە دەسەڵاتی سەربازی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی یەکێکە لە سەرەکیترین بناغەکانی ئاسایشی نەتەوەیی. دەتوانین بڵێین ئاسایشی نەتەوەیی گوزارشتە لە توانای کەمکردنەوەی هەر جۆرە هەڕەشەیەك بۆ سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات و سەربەخۆیی وڵات. هەرچەندە فاکتەرە هاوچەرخە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیش کاریگەرییان هەیە لە ئاسایشی نەتەوەیی. بەڵام مەترسی و بەرژەوەندی نیشتمانی و میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییانە، فرە هۆکار و فرەڕەهەندن کە بەپێی کات و شوێن گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. یەکێك لەو بابەتانەی ڕۆل و کاریگەری هەیە

بريتييە لە پێگەیاندنی سیاسی، چونکە تاکەکانی کۆمەڵگا لە ژێر کاریگەری پێگەیاندنی سیاسی گەشە دەکەن و هزر و بیرکردنەوەیان گۆش دەکرێت، کەواتە کاریگەری و گرنگی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لە پێکهێنان و دروستکردنی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی بابەتێکە پێویستی بە کاری زانستی و ئەکادیمی هەیە تاکو ئاراستەی دروستی پێگەیاندنی سیاسی ببێتە هۆی سەقامگیری زیاتری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی.

[1]) ئەم توێژینەوەیە، وەرگیراوە (مستلأ) لە توێژینەوەیەکی دکتۆرا بە ناونیشانی (ڕۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پێکهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی) لە زانکۆی سەلاحەددین.

## ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

### کێشەی توێژینەوەکە:

ئاسایشی نەتەوەیی، چەمکێکی گشتگیرە کە سەرجەم ڕەهەندە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە و تەنیا لە تواناى سەربازی بۆ پاراستنی سنوورەکانی وڵاتدا قەتیس ناکرێ. گومانی تێدانیە دەسەڵاتی سەربازی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی یەکێکە لە سەرەکیترین بناغەکانی ئاسایشی نەتەوەیی. دەتوانین بڵێین ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە؛ تواناى کەمکردنەوەی هەر جۆرە هەڕەشەیەك بۆ سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی، یەکپارچەیی وڵات و سەربەخۆیی وڵات. هەرچەندە فاکتەرە هاوچەرخە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیش کاریگەرییان هەیە لە ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام مەترسی و بەرژەوەندی نیشتمانی و میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییانە، فرە هۆکار و فرەڕەهەندن کە بەپێی کات و شوێن گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئەوەی لێردا ڕۆڵی خۆی دەبینێت بریتییە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، چونکە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە لە ژێر کاریگەری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی و سیاسی پەروەردە دەکرێن و هزر و بیرکردنەوەیان گۆش دەکرێت، کەواتە کاریگەری و گرنگی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پێکهێنان و دروستکردنی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی، جێگەی بایەخ و گرنگیپێدانە. لەم ڕوانگەیەوە کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك کە توێژەر هەوڵی داوە وەڵامیان بداتەوە، ئەوانیش:

١. پێوانەکردنی ئاستی پێگەیاندنی سیاسی دەزگا سەرەکییەکانی کۆمەڵگا لە پێکهێنانی هۆشیاریی ئاسایشی نەتەوەیی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە.
٢. دەستنیشان کردنی هۆکارەکانی جیاوازی ڕۆڵی دەزگاکانی پێگەیاندنی سیاسی لە پێکهێنانی هۆشیاریی ئاسایشی نەتەوەیی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە.
٣. تاوتوێکردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی وەکو (ڕەگەز، تەمەن و ئاستی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون، باری ئابووری) لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.
٤. دەستنیشانکردنی ڕەهەند و ئالەنگارییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان

### گرنگی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە بەهای ئەو بابەتەدایە کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت؛ لە زانینی ڕۆڵ و کاریگەری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پێکهێنانی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی، بۆیە هەروەك هەموو توێژینەوەیەك گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم توێژینەوەیەش لە دوو ڕەهەندی تیۆری و کردارییەوە گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە، دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە بیخەینەڕوو: ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی تیۆرییەوە تاوتوێی بابەتێکی

هەنووكەیی كۆمەڵگا دەكات كە توێژینەوەی زانستی كەمی لەسەر كراوە، بۆیە دەبێتە هۆی كەڵەكەبوونی زانیاری و دەوڵەمەندكردنی لایەنی تیۆری لەم پەیوەندییەدا. هەروەها ئەم توێژینەوەیە بۆ بواری كۆمەڵناسیی گشتی و كۆمەڵناسیی سیاسی گرنگی تایبەتی هەیە، چونكە لەگەڵ خستنەڕوو و تاوتوێ كردنی تیۆرییەكانی ئەم بوارە، كۆمەڵێك داتای مەیدانی لەم بوارەدا دەخاتە ڕوو كە بۆ پسپۆران و توێژەرانی ئەم بوارە گرنگن.

هەروەها بە شێوەیەكی زانستی و مەیدانی هەوڵی دەستنیشانكردنی پەیوەندی نێوان پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی و سیاسی لە پێكهێنانی هۆشیاریی ئاسایشی نەتەوەیی دەدەین و ئاشنا بوون بە ئامرازە هاوچەرخەكانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی و سیاسی لە كۆمەڵگەدا ئاسان دەكات، وێڕای دیاریكردنی خاڵە بەهێز و لاوازە كولتووری و كۆمەڵایەتییەكان كە كاریگەرییان هەیە لەسەر هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی.

**ئامانجەكانی توێژینەوەكە**

ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوە و دەستنیشانكردنی زانستییانەی ڕۆڵی پێگەیاندنی سیاسی لە پێكهێنانی هۆشیاریی ئاسایشی نەتەوەیی لە كۆمەڵگەی لێتوێژراو، كە دەتوانین لە چەند ئامانجێكی وردتردا بەم شێوەیەی خوارەوە بیخەینەڕوو:

١. پێوانەكردنی ئاستی پێگەیاندنی سیاسی دەزگا سەرەكییەكانی كۆمەڵگا لە پێكهێنانی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە.
٢. دەستنیشانكردنی هۆكارەكانی جیاوازی ڕۆڵی دەزگاكانی پێگەیاندنی سیاسی لە پێكهێنانی هۆشیاریی ئاسایشی نەتەوەیی لای ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە.
٣. تاوتوێكردنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەكانی وەكو (ڕەگەز، تەمەن و ئاستی خوێندن، شوێنی نیشتەجێبوون، باری ئابووری) لەسەر ئەنجامەكانی توێژینەوەكە.
٤. دەستنیشانكردنی ڕەهەند و ئالەنگارییەكانی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی كوردستان

**میتۆدی توێژینەوەكە**

هەر توێژینەوەیەكی زانستی پێویستی بە ژمارەیەك كەرەستە و ئامراز و میتۆد هەیە، ئەمەش بەگوێرەی سروشتی توێژینەوەكە دەگۆڕێت، یەكێك لە هەنگاوەكانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بریتییە لە دەستنیشانكردنی میتۆدی توێژینەوەكە، ئەمەش لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەكانی توێژینەوە و بەستنەوەی لایەنی تیۆری و مەیدانی توێژینەوەكە، لە كۆتاییدا دەبێتە كەرەستەیەك بۆ ئاراستەی گشتی توێژینەوەكە، لەبەر ئەوەی توێژینەوەكەمان چەندایەتیە پێویستە لە هەڵبژاردنی میتۆدی توێژینەوەكە هۆشیارانە دەستنیشانی بكەین تاكو ڕێككارەكانی تری توێژینەوەكە بە دروستی كاریان لەسەر بكەین، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پشتی بە میتودی وەسفی بەستووە.

میتۆدی وەسفی لە توێژینەوەكان بە گشتی و لە بواری كۆمەڵناسییدا بە شێوەیەكی بەرچاو بەكاردێت، لەم جۆرە میتۆدە، پێویستە توێژەر لە هۆكار و پاڵنەرەكانی ڕووداو و دیاردەكان بكۆڵێتەوە و بچێتە قوڵایی بابەتەكە و ڕاستییەكان ببینێتەوە، هەروەها توێژەر لەم جۆرە توێژینەوە هەڵدەستێ بە وەسفكردن و شیكردنەوەی گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە (المغربي، ٢٠١١: ٩٦)، بەڵام بۆ ئەوەی توێژەر بگات بە مەبەست و ئامانجی سەرەكی پشت دەبەستی بە شێوازی توێژینەوەی پیكەوە گرێدراو (الدراسات الارتباطية) (الخياط، ٢٠١٢: ١٣٧) كە لە هۆكارەكان و پەیوەندی نێوان گۆڕاوەكان دەكۆڵێتەوە، ئەمەش دەبێتە

هۆی ئەوەی توێژەر وەکو یەك پاكێج بڕوانیتە توێژینەوەکە و هۆکارەکان بە جیاجیا نەخاتە ڕوو.

**کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵکەی توێژینەوە سەرجەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەتوانرێ توێژینەوەکەیان لەسەر بگشتێندرێ و توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە، کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە بۆ وێنا کردن و وەسفکردنی گروپێك بەکار دێت کە دواتر نموونەی توێژینەوەکەی لێ دەستنیشان دەکەین، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەرێمی کوردستان کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دراوە.

**نموونەی توێژینەوەکە**

سەبارەت بە نموونەی توێژینەوەکە، پشتمان بەستووە بە نموونەی هەرەمەکی چینایەتی ڕێژەیی (العينة العشوائية الطبقية التناسبية)، ئەم جۆرە نموونەیە بە کاردێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی هەرەمەکی سادە بە جۆرێك لە زۆرینەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نموونە وەردەگیرێت، بەجۆرێك قەبارەی نموونەکە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو یەکانەی وەریان دەگرییت، ئەمەش ڕاستە بۆ توێژەر ئەرکێکی قورسە چونکە نموونەکەی فراوان دەبێت، لە ڕووی کات و ماددیەوە ئەرکێکی گرانە، بەڵام لە ڕووی گەیشتن بە ئەنجامەوە دەمانگەیەنێت بە ئامانجی توێژینەوەکە بە جۆرێك لە کۆتاییدا بتوانین توێژینەوەکە بگشتێنین بەسەر هەرێمی کوردستاندا، چونکە ئەو یەکانەی کە توێژەر وەریان دەگرێت ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. بۆیە لە توێژینەوەکە نموونەکە لە کەسە جیاوازەکان وەردەگرین بە شێوەی هەرەمەکی لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) قەبارەی نموونەکە پێکهاتووە لە (٦٠٠) یەکە، بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر وەکو لە خشتەی ژمارە (١) هاتووە کە دابەشبوونی نموونەکە بەگوێرەی پارێزگاکان ڕوون دەکاتەوە.

**بوارەکانی توێژینەوەکە**

**بواری مرۆیی:** بواری مرۆیی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٦٠٠) یەکە، ئەو کەسانەی تەمەنیان لە سەرووی ١٨ ساڵە و لە چینە جیاوازەکان لە ڕووی شوێنی دانیشتن و ئاستی ڕۆشنبیری و وەزیفە و باکگراوەندی کۆمەڵایەتی.

**بواری شوێن:** مەبەست ئەو شوێنەیە کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دراوە بریتە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

**بواری کات:** مەبەست لەو کاتەیە کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٥/٥/١٨ تاکو ٢٠٢٥/١٢/٢) کە خۆی لە ئامادەکردنی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری و دابەشککردنی فۆرمی پرسیارنامە و تۆمارکردنی زانیارییەکان و بەتاڵگردنی داتاکان و پرۆسەی ئاماری و گەیشتن بە ئەنجامەکان.

**چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و کۆمەڵناسیی بە تایبەتی، هەمیشە بۆ پێناسەکردنی چەمکەکان پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆر هەیە. ئەمەش بۆ سروشتی زانستەکە و جیاوازی کۆمەڵگەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەم هۆکارەش، توێژەر لە پێناسەکردنی چەمکەکان ڕووبەڕووی پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆر دەبێتەوە. بۆیە پێویستە نزیکترین و گونجاوترین پێناسە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ واقعی کۆمەڵگە و جۆری توێژینەوەکە و بیروبۆچوونی خودی توێژەر و ئەو تیۆرانەی کە لە توێژینەوەکەیدا بەکاری هێناوە، بگونجێ. بۆ ئەم مەبەستەش، لەم توێژینەوەدا هەوڵ دەدەین لەو گۆشەنیگایانەوە پێناسەی چەمکەکان بکەین.

### پێگەیاندنی سیاسی (Political Socialization)

بەشێکی زۆر لە تیۆرڤانەکانی کۆمەڵناسی پێیان وایە پێگەیاندنی سیاسی بەشێکە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، چونکە ئامرازەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەمان ڕۆڵ دەبینن واتا لەپاڵ ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان کار لەسەر پێگەیاندنی سیاسی دەکەن. ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٥٩ لە لایەن هایمن Hyman لە کتێبەکەی بەناوی (پێگەیاندنی سیاسی) بەکار هات و پێی وایە؛ پێگەیاندنی سیاسی بریتییە لە پرۆسەی فێرکردنی تاك بە بەها و بنەما کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی دامەزراوە جیاوازەکانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕەفتاری پێکەوە ژیان (Hyman, 1959: 25). هەروەها دەکرێت بڵێین؛ بریتییە لە پرۆسەی چاندنی زانیاری و بەها و ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە بەشێوەی فەرمی یان نافەرمی، لە ڕێگەی پلان و بەرنامە یان بەبێ پلان و ئامادەکاری، ئەمەش لە پێناو دروستکردنی بیری هاونیشتیمانیانە و پێداویستی مانەوە و گەشەسەندنی کۆمەڵگە (احمد، ١٩٧٦: ١٠١). لەپێناسەیەکی تردا هاتووە؛ پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەی دروستکردنی شوناس و ناسنامەی تاکە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی گوزارشت لە بۆچوونی خۆی بکات، هەروەها دەبێتە هۆی باشترکردنی ڕۆشنبیری سیاسی چەسپاو و جێگیر لە کۆمەڵگە، یان پرۆسەی دروستکردنی کولتوورێکی ئەرێنی لە لایەن نوخبەی سیاسی و دەسترۆیشتووی کۆمەڵگە لە قۆناغی دواکەوتوویی بۆ قۆناغی گەشەسەندن و پێشکەوتن (المنوفي، ١٩٧٩: ٩-١٠). لە پێناسەیەکی تردا هاتووە کە پێگەیاندنی سیاسی بریتییە لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسی ، کە لە چەند پرۆسەیەك پێکدێت و لەڕێگەیەوە تاك ئەو ڕەفتار و پێوەر و بەها و ئاراستە سیاسییانە وەردەگرێت کە لەگەڵ ڕۆڵ و پێگەکەی دەگونجێت لە کۆمەڵگەدا، ئەمە لە کاتێکدا مەرج نییە ئەو کەسە چالاکوانی سیاسی یان ئەکتەرێکی سیاسی بێت لە پارت یان کۆمەڵەیەك، واتە؛ پرۆسەیەکی بەردەوامە لە قۆناغی لە دایکبوون تاکو مردن، بەڵام قۆناغی لاوێتی گرنگترین قۆناغی پێگەیاندنی ئایدۆلۆژی و سیاسییە (فواد، ٢٠٢١: ٩).

بۆیە دواجار توێژەر پێی وایە چەمکی پێگەیاندنی سیاسیی بریتییە لە زانین و فێربوونی بەها و زانیاریی و بنەما و ئاراستە سیاسییەکانی تاك لە کۆمەڵگەدا، لەڕێگەی چەند ئامراز و کەناڵێکی تایبەت بە پێگەیاندن. جا کەناڵی فەرمی یان نافەرمی بن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پێکهاتەی هزری و هۆشیاری تاك بۆ پێگەیشتنی زیاتر و تێگەیشتن لە بارودۆخی کۆمەڵگە و هاوتەریب بێت بە هەڵسەنگاندنی باشتر بۆ دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیی.

## ئاسایشی نەتەوەیی (National Security)

دیدی جیاواز هەیە بۆ پێناسە کردن و دانانی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی، کۆمەڵێک بەربەست هەن لەبەردەم هەوڵی دارشتنی ئەم چوارچێوەیەدا، چونکە چەندین فاکتەر هەن کاریگەرییان لەسەر دۆخی ناوخۆیی و دەرەکی هەیە، هەروەها چەمکێکی رێژەییە و بە گوێرەی کات و شوێن گۆڕانی بەسەردا دێت. چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەدەی حەڤدەیەم و دوای شەڕی (٣٠) ساڵەی ئەوروپا و شەڕی ناوخۆی بەریتانیا و رێکەوتنی (ویستفالیا)وە هاتوەتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی (ئاکریی، ٢٠٢٢: ٥). لە نموونەی ئەو پێناسانە، بریتییە لە؛ زامنکردنی دڵنیایی و دابینکردنی سەقامگیرییە لەسەر ئاستی (تاك، خێزان، جڤاك)، هەروەها لەرووی سایکۆلۆژیی و زامنکردنی داهات و ئابوورییەکی سیستەماتیك و خۆشکردنی زەمینەی ئەفراندن و بەگەڕخستنی تواناکانی تاك و ئاگایی دامەزراوەی فەرمی و یاسایی لە کێشە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان (دری، ٢٠١٩: ٣٢). ئاسایشی نەتەوەیی بە مانای پارێزگاری کردن لە تاك، کۆمەڵگە، دەوڵەت و نەتەوە لە هەمبەر هەڕەشەکان دێت، هەر دەوڵەتێك بتوانێت هەڕەشەکان نەهێڵێت ئەوە گەیشتووە بە دۆخی ئارامی، هەروەها پەیوەندارە بە سروشتی سیستەمی سیاسی ، ئابووری، کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە باڵاکان (ساڵح، ٢٠٢١: ٣٢). باری بوزان پێی وایە؛ ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە رزگاری لە هەڕەشە و مەترسییەکان و توانای دەوڵەت و کۆمەڵگەکان بۆ پاراستنی ناسنامەی سەربەخۆییان و یەکپارچەیی کارکردنیان لەهەمبەر ئەو هێزەی دەیەوێت بیگۆڕێت (قادر، ٢٠٢٠: ٢٥). یاخود ئاسایشی نەتەوەیی یەکێکە لەو توخمە سەرەکییانەی دەچێتە ناو چوارچێوەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی، گەرچی گەڵاڵەکردنی ستراتیژی نوێی کارکردنی نیشتمانیی لە بواری پیشەسازی و پەرەپێدان و سیاسەتی دەرەکی پێویستی بە بوونی چەمکێك یا تیۆرییەکە لە ئاسایشی نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتبێ یاخود هەوڵێك بێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاسایشە، (هلال، ١٩٨٨: ١٣٧). هەروەها (واڵتەر لیپمان) پێی وایە ئاسایشی نەتەوەیی کاتێك دەوڵەتێك بە ئارام و ئاسایشی دەزانێ کە بۆ خۆلادان لە جەنگ بەهاکانی خۆی نەکاتە قوربانی، لەو بارەوە دەڵێت: "میللەت تا ئەوکاتە لە ئارامی و ئاسایشدایە کە بۆ خۆلادان لە ڕوودانی جەنگ، بەها سەرەکییەکانی نەکاتە قوربانی، هەروەها ئەگەر ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری بووەوە بتوانێت لە ڕێگەی سەرکەوتنییەوە لەو جەنگە، ئەو بەهایانە بپارێزێ، (Sills, 1968: 42).

## ناسنامەی نەتەوەیی (National Identity)

پرسی ناسنامە یەکێکە لەو پرسانەی لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی جەنگی سارد، بوو بە چەمك و بابەتێکی نێودەوڵەتیی، و بەخێرایی گەشەی کرد و ڕەهەندی نێودەوڵەتی وەرگرت (ئحسانی، ٢٠٢٢: ١٤٢). ناسنامەی نەتەوەیی بریتییە لە کۆمەڵێك سیفەت و تایبەتمەندی هاوبەش لە ڕووی مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژی و دەروونی و سیاسی، لەگەڵ هەستی قوربانیدان بۆ کۆمەڵگە یان شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمەش لە ژێر چەتری حکوومەتێك کە نوێنەرایەتی هەموو یان بەشێك لەو تایبەتمەندییانە بکات، ئەمەش وا دەکات تاك هەستی شانازی کردن و کەسایەتی بەهێزی بۆ دروست ببێت (عبید، ٢٠١٦: ٤١). هەروەها بریتییە لە هەستێکی گشتی، کە یەکانگیرە لە ڕێگەی دابونەریت و کولتوور و زمان و سیاسەت کە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو کە (ئێمە کێین؟) وەڵامی ئەوەش لە ڕێگەی تێگەیشتنی هاوبەش یان کولتوور و ئایین و نەتەوە و ئەزموون دەبێت (صلاح، ٢٠١٧: ١٦). لە پێناسەیەکی تردا هاتووە بریتییە لە پێشگرێك وەکو کولتوور، نەتەوە، ئاین، شوێنی نیشتەجێبوون، بواری خوێندن و بڕوانامە،

خێڵ، گەڕەك، یان هەر شتێکی تر لەو جۆرە، بەڵام لە ناویاندا هەندێکیان ناسراوترن و زیاتر جێی باسن، وەکو ناسنامەی کولتووری، ئایینی، نەتەوەیی (احمدی، ١٣٩٠: ٦٠). لە پێناسەیەکی تردا هاتووە ناسنامەی نەتەوەیی بریتییە لەو شوناسە گشتییەی کە نیشاندەری ناسنامەیەکی سەرتاسەرییە نەك ناسنامەی لاوەکی و بچووك، ئەمەش بۆتە هۆی بونیادنانی دەوڵەت کە کۆڵەکەکانیشی لەسەر بنەمای نیشتیمانی بوون کە کۆکەرەوەی سەرجەم ئایین و ئایینزا و عەشیرەت و پێکهاتەکان بوو، ئەمەش دەبێتە هۆی یەکانگیرییەکی باشتر و بەهێزتر، کە ئەمەش شارنشینی و پێشکەوتنی لەگەڵ خۆیدا هێنا(الدوری، ٢٠١٣: ٢٩٧). لە چوارچێوەی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتیدا، چەمکی ناسنامە بەم جۆرە ناسێنراوە، بریتییە لە چەمکێکی لێکدراو لە تێگەیشتنی خودی تاکەکان (ناسنامەی کەسی و ناسنامەی کۆ یان گشت) کە ناسنامە خودییەکە لە چەند تایبەتمەندییەکی کەسی پێك دێت وەکو هەست، دەربڕین ، تایبەتمەندی دەروونی، بەها کەسییەکان، بەڵام ناسنامەی گشتی بریتییە لە بەرهەمی زانین و زانیاری تاك و هەستەکانی بۆ ئەندام بوون لە کۆمەڵ یان گروپێکدا و دەربڕینی هەستی ئینتیما بۆیان کە ئەم ئینتیمایە بێ مەرج و قبوڵکراوە (الهاشمی، ٢٠٠٨: ١١).

بۆیە توێژەر بەم جۆرە پێناسەی بۆ چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی دەکات و پێیوایە بریتییە لە ناسنامەیەکی گشتی بۆ ئەندامان یان نەوەکانی کۆمەڵگە کە هەستێکی گشتی دەبەخشێت بە تاکەکان لە چوارچێوەی نەتەوەیەکدا، کە هەستێکی مەعنەوی و هێمایییە، و دەبێتە هۆی یەکانگیری هاوڵاتییان لە چوارچێوەی نیشتیمان، ئەمەش بەدی دێت لە ئەنجامی هاوبەشی و مێژوو لە ڕووی زمان و ئەدەب و ئایین و کولتوور و بەها گشتییەکان، کە پێویستی بە ڕێکخستنە لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی حکوومەت و وڵات وەکو یاسا و دەستوور و سیستەمی حکومڕانی و هەڵمەتەکانی هۆشیاری، لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە تایبەت لەڕێگەی دامەزراوە پەروەردەیی و ئایینی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە بتوانن هەستی خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری بچێنن لە ناخی تاکەکان. بەمجۆرە ناسنامەیەکی گشتگیر و بەهێز دروست دەبێت کە دەبێتە هۆی زاڵبوون و لەخۆگرتنی ناسنامە لاوەکییەکانی وەك ناسنامەی خێڵ و عەشیرەت و ئایین و مەزهەب و هەر پێشگرێکی تر.

### هۆشیاری نەتەوەیی (National Consciousness)

لە پێناسەکردنی چەمکی هۆشیاری نەتەوەیی، ڕووبەڕووی ئەوە بووینەوە زۆرینەی سەرچاوەکان جەختیان لەوە دەکردەوە کە هاوبەشی زۆر هەیە لە پێناسەکردنی هەردوو چەمکی (ناسنامەی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی)، یاخود جیاوازییەکانیان هێند کەم بوون جیاکردنەوەیان ئەستەم بوو، بەڵام بە هەوڵ و بەدواداچوون توانیمان چەند پێناسەیەکی لە بۆچوونە جیاوازەکانەوە بۆ بکەین وەك لە خوارەوە خراوەتە ڕوو:

هۆشیاری نەتەوەیی، بریتییە لە؛ کۆمەڵێك زانیاری و بیروباوەڕ کە تاك دەیانپارێزێت و وەکو سیستەمێك وایە بۆ خودی تاکەکان و ئەو ژینگەی تیایدا دەژی، ئەمەش بەرهەمی چەندین کردەوەی ژیری و ڕۆشنبیری کەڵەکەبوون کە لە کۆتاییدا هۆشیاری لێ بەرهەم دێت (بکار، ٢٠٠٠: ١٢). یاخود بریتییە لە؛ هۆشیارییەکی نا بەرجەستە، یاخود مەعنەوی پێویست بۆ ژیان کە ڕوحیەتی قوربانیدانی هاوبەش دروست دەکات (Clemente, 202:, 6). یاخود دەتوانین بڵێین بریتییە لە دەربڕینێکی ڕوحی و کۆمەڵایەتی و دەروونی ئاڵۆز، بە شێوەی عەقڵانی یان ناعەقڵانی، کە خاوەندارێتییەکەی بۆ نەتەوە دەگەڕێتەوە ـ هەروەها پێك دێت لەم بنەما سەرەکییانە وەك؛ ناسنامەی نەتەوەیی و یادەوەری مێژوویی و زمان و ڕۆشنبیری و

خۆشەویستی نیشتیمان و خاك (Redkina, 2016: 21). لە پێناسەیەکی تردا هاتووە بریتییە لە؛ هۆشیاری بۆ ناسنامە و وڵات کە هەستی هاوڵاتیبوون دروست دەکات، ئەمەش لەڕێگەی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و نەتەوە و سەروەری و هەزمکردنی جیاوازییەکان و جێبەجێکردنی یاسا دروست دەبێت، ئەمەش پێویستە تاکو کەسێتی هاوڵاتیبوون بێتە کایەوە (Asmorojati, 2018: 118).

دواجار دەتوانین بڵێین هۆشیاری نەتەوەیی بریتییە لە هەست و دەربڕینێکی ڕوحی و نابەرجەستەی تاك بەرامبەر نەتەوە یان نیشتیمان، ئەمەش لەڕێگەی ئەزموون و بەها و بیروباوەڕ و ئەزموون و یاسا و پیرۆزییەکانەوە دروست دەبێت، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی هاوڵاتیبوون و شانازی کردن بە ناسنامە و شوناسی نەتەوەکەی، هەموو ئەمانەش دەبێتە هۆی بەرجەستە بوونی ڕوحی پارێزگاری کردن و قوربانیدان بۆ خاك و نەتەوە.

**پێگەیاندنی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی**

پێگەیاندنی سیاسی (Political Socialzation) بە یەکێك لە ئامراز و ڕێگە گرنگەکانی پرۆسەی سیاسی لە وڵاتان و کۆمەڵگەکان هەژمار دەکرێت، لە ڕێگەیەوە دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان بونیاد دەنرێتەوە، کە بایەخ بە پەروەردە کردن و ئامادەکردنی تاك دەدەن بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی و تێگەیشتن لە واقعی کۆمەڵگە، هەروەها بەخشینی هەستی هاوڵاتیبوون و پێگەیاندنی نەوەیەك کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی هەبێت، بەمەش گەشە و پەرەپێدانی سیاسی بەرهەم دێت کە خۆی لە پێگەیاندنی ڕۆشنبیری سیاسی دەبینێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی پانتایی بەشداری سیاسی و بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی و بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراتی (الحيالي، ٢٠٢١، ٢٥٠)، لە ڕێگەی پێگەیاندنی سیاسییەوە تاك گۆش دەکرێت بە زانیاری و واقع و بەها و نموونە سیاسییەکان، کە بەهۆیەوە ئاراستە هزری و ئایدولۆجییەکانی گەشە دەکات و کاریگەری دەخاتە سەر ڕەفتار و کارەکانی ڕۆژانەی، هەر لێرەوە ئاستی پێگەیشتن و کامڵبوون و بەشداری سیاسی لە کۆمەڵگە پێوانە دەکرێت، و یارمەتی مانەوە و سەقامگیری و بەردەوامی سیستەمی سیاسی دەدات، ئامانج لەم پرۆسە پەرەپێدانی بیر و هزر و ئەزموون و شێوازە سیاسییەکانە کە پشت بە ڕۆڵەکانی کۆمەڵگە دەبەستێت، کە هەوڵی چاندنی شوناسی تاك و کۆمەڵگە دەدات (الطبيب، ٢٠٠١: ١٥٨)، لە چوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسییەوە تاك پەروەردە دەکرێن بە حەز و ڕاستییەکان و بەها و بنەما سەرەکییەکان کە ڕۆڵی کارا و کاریگەر دەبینن لە بەرەوپێشبردنی ڕەفتارە سیاسی و ئاراستە هزرییەکان و پێگەیشتنی تاك لە ڕووی ژیری و هۆشیاری و ناسینی دیاردە سیاسییەکان (احمد، ٢٠٢٠: ٨)، بایەخی ئەم پرۆسە لەوەدایە پارێزگاری دەکات لە سیستەمی سیاسی و مسۆگەرکردنی سەقامگیری، ناتوانرێ ئەم پرۆسە تەنها لە گەشەپێدان لەیەك بوار کورت بکرێتەوە، بەڵکو خوی لە پێگەیاندن لەسەرجەم کەرت و بوارەکان دەگرێتەوە، کار دەکات لەسەر بونیادنانی پێکهاتەی زانیاری هاوڵاتیبوون و یارمەتی گونجانی دەدات لەگەڵ کۆمەڵگە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم پرۆسە بریتییە لە پێکهێنانی ئاراستەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە و دروستکردنی ئینتمیای سیاسی لای هاوڵاتی بۆ سیستەمی سیاسی و نیشتیمان (القريشي و البياتي، ٢٠٢٢: ١٢٦٨)، لە پاڵ چەمکی پێگەیاندنی سیاسی، چەمکی هۆشیاری سیاسی دێتە ئاراوە کە وەك بەشێك لە هۆشیاری گشتی کۆمەڵگە، ئەمەش خۆی لە شوازەکانی بیرکردنەوە و هەست و ڕەفتارە سیاسییەکان دەبینێتەوە، لە ڕووی پێکهاتە و جێبەجێکردنەوە هەمان ڕێبازەکانی هۆشیاری گشتی لەسەر جێ بەجێ دەبێت (البرواري، ٢٠٠٧: ٣٨).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

### سیما و ئەرکەکانی پێگەیاندنی سیاسی

پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی چەندین سیما و ئەرکی بنچینەیی هەیە، لەوانە :گواستنەوەی زانیاری و ئاڕاستەی پەیوەندیدار بە سیاسەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی هۆشیاریی سیاسی و گۆڕینی ڕۆشنبیریی سیاسی (إسماعيل، ١٩٩٧: ٢٤). هەروەها، ئەم پرۆسەیە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پتەوکردنی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕێگە بە تاک دەدات بۆچوونە سیاسییەکانی دەرببڕێت (الحيالي، ٢٠٢١: ٢٥٤). لە ڕووی هزرییەوە، پرۆسەیەکی گەشەپێدانی هزرییە و جەخت دەکاتە سەر پرۆسەی بەکولتووریکردن )عملية المثاقفة) لەسەر بنەمای کارلێکی ئەرێنی، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کامڵبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی تاک و کۆمەڵگە (احمد، ٢٠٢٠: ٣٣).

ئەرکەکانی تری پێگەیاندنی سیاسی بریتین لە دروستکردنی یەکانگیری و بەهێزیی پەیوەندییەکان لە کردە نیشتمانییەکاندا، پەرەپێدانی ڕۆحیەتی کاری هاوبەش و بەرزکردنەوەی هەستی بەرپرسیاریەتی، و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی تاکەکان. ئەم پرۆسەیە، ڕۆشنبیریی سیاسی بەرەوپێش دەبات، ڕێزگرتنی بنەماکانی دیموکراسی دەچەسپێنێت، دیاردەی دەمارگیری کەم دەکاتەوە، و ژینگەیەکی گونجاو بۆ گفتوگۆ و چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکان دەڕەخسێنێت (الهنداوی و البيعی، ٢٠١٩: ٢٥). هەروەها، ئەرکی مسۆگەرکردنی پاراستن و زیندوو هێشتنەوەی سیستەمی سیاسی باوی هەیە لە ڕێگەی چاندنی بەها و نەریتە باوەکان و هاندانی وەبەرهێنان لە سیستەمەکەدا (سالم، ٢٠٠٠، ٤١).

لە گرنگترین ئەرکەکانیدا، پێگەیاندنی سیاسی کار بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی بەشداریی کارای سیاسی هاوڵاتیان دەکات لە ڕێگەی کردنەوەی بوار بۆ دەربڕینی بۆچوون، کە ئەمەش یەکانگیری و گونجان لە نێوان کولتوورە جیاوازەکانی کۆمەڵگە زیاتر دەکات (الهنداوی و البيعی، ٢٠١٩: ٢٥). پرۆسەیەکی تەندروست بۆ زامنکردنی ڕوحیەتی قبوڵکردنی یەکتر و ڕەتکردنەوەی تاکڕەوی کار دەکات، و بەم شێوەیە دەبێتە هۆی گەشە و پێشکەوتنی وڵاتانی دواکەوتوو تا پشت بە خۆیان ببەستن. گرنگییە گەورەکەی ئەمە لەوەدایە کە کار لەسەر تاک دەکات نەک تەنیا لەسەر کایەی سیاسی، چونکە هەرەسی تاک دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی سیستەمی سیاسی.(Maksoud, Tohame, 2010, 1352)

### ئامرازەکانی پێگەیاندنی سیاسی

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، پێگەیاندنی سیاسی پشت بە ژمارەیەك ئامراز و دامەزراوە دەبەستێت کە ئاستی کاریگەرییان بەپێی قۆناغ و کات دەگۆڕێت. هەرچەندە بەشێك لەم دامەزراوانە لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا دووبارە دەبنەوە، بەڵام توێژەر جەخت لەسەر ڕۆڵە سیاسییەکانیان دەکاتەوە. بیرمەندان جۆرەها پۆلێنکردنیان بۆ ئەم ئامرازانە هەیە (فەرمی

و نافەرمی، سەرەتایی و سەرەکی، کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)، بەڵام توێژەر پێی وایە هەموویان گرنگن و کاریگەرییان هەیە، بەڵام ئەوەی دەخاتە ڕوو، گرنگترینیانە.

### خێزان و پێگەیاندنی سیاسی

خێزان بە یەکێك لە گرنگترین میکانیزمە سەرەکییەکانی پێگەیاندنی سیاسی دادەنرێت، چونکە ڕەگوڕیشەی ژیانی سیاسی تاك لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، پاشان دامەزراوەکانی تر قووڵتری دەکەنەوە. خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە فێرکردنی منداڵ بە پابەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و پشکی هەیە لە بەرەوپێشبردنی کەسێتییەکی بەهێز و پەسەندکراو بۆ منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی تەمەن، کە لەو قۆناغەدا لە سەرجەم دامەزراوەکانی تر گرنگترە (الطبیب، ٢٠٠١: ١٦٢). یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی بریتییە لە گەشەپێدانی سیاسی لە ڕێگەی زانیارییە سیاسییەکان و تێگەیشتن بۆ سیستەمی حوکمڕانی. شێوازی مامەڵەی خێزان (وەك دادپەروەری و گۆڕینەوەی زانیاری) هاوشێوەی سیستەمی دیموکراسییە و ڕەنگدانەوەی لەسەر تاك هەیە (الحیالی، ٢٠٢١: ٣٥٦). کاریگەری خێزان لەسەر هەست، حەز، بیرکردنەوە و گونجاندنی منداڵ لەگەڵ بیروباوەڕە سیاسییەکاندا بە درێژایی تەمەنی دەمێنێتەوە و بە یەکەم وێستگەی دەسەڵات دادەنرێت، کە کاریگەرییەکەی بەپێی کۆمەڵگەکان جیاوازە (احمد، ٢٠٢٠: ١٤). پەروەردەی خێزان بە باش و خراپ پەنجەی مۆری خۆی بەجێدەهێڵێت لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی تاك لە داهاتوودا، کە ئەمەش دەوەستێتە سەر بنەماکانی وەك (پێگەی خێزان، فەلسەفەی پەروەردەیی، شێوازی پەروەردە) (إسماعیل، ١٩٩٧: ٣٥-٣٦).

### پارتە سیاسییەکان و پێگەیاندنی سیاسی

پارتە سیاسییەکان ئامرازێکی تری گرنگ و کاریگەرن لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسی، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کاریگەرییەکانیان شێوازی جیاوازی وەرگرتووە. ئەرکەکانیان کورت دەکرێتەوە لە دروستکردن و پێگەیاندنی کادر و کاریگەری خستنەسەر ڕای گشتی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان (إسماعیل، ١٩٩٧: ٤٤). لە ڕێگەی چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ تێگەیاندن و ڕۆشنبیرکردنی تاکەکان بەو سیاسەت و ئاڕاستانەی کە پەسەندی خۆیانە، پەروەردەیەکی مەبەستدار و ئاڕاستەکراو دروست دەکەن، بەتایبەت ئەو پارتانەی لە دەسەڵاتدان پەروەردەکانیان لەگەڵ ئامانجە باوەکانی خۆیاندا دەگونجێنن (الحیالی، ٢٠٢١: ٢٥٨). هەروەها پارتەکان گواستنەوەی کولتووری سیاسی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر مسۆگەر دەکەن، بەتایبەت کاتێك ئەندامەکانیان ئەرك و ڕۆڵ دەبینن لە پرسە سیاسییەکاندا (احمد، ٢٠٠٩: ٩٥). پارتەکان ئامرازێکن بۆ نوێبوونەوە، پێشکەوتن و دیموکراسی و کاریگەرییان هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی و شیکردنەوەی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی (محمد، ٢٠٢٣: ١٠٩). لە کۆتاییدا، پارتەکان لە دوو ئاستدا ڕۆڵ دەبینن :پاڵپشتی و پشتگیریی ڕۆشنبیریی سیاسی باو، یان دروستکردن و هێنانەکایەی سیاسەتی نوێ لە کاتی هەبوونی کێشە و هەڵوەشانەوەی سیستەمە سیاسییەکاندا، کە بەمەش کاریگەری زیاتر دەخەنە سەر پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی (إسماعیل، ١٩٩٧: ٤٤-٤٥).

**کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پێگەیاندنی سیاسی**

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ و پربایەخ دەبینن لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی، کە ئەگەر بە شێوەیەکی ئەرێنی بەکاربهێنرێن، بە باشترین میکانیزمی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دادەنرێن و زۆرترین ژمارەی دانیشتوان سوودمەند دەبن لەو زانیارییەی کە پەخش دەکرێت (دخيل، ٢٠١٧: ٢٢٤). لە سەردەمی نوێدا بەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، ڕاگەیاندن بە ئاستێکی باڵاتر کاریگەری دەبێت لەسەر فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی سیاسی. لەبەر ئەوە حکومەتەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردن و باڵادەستبوونی خۆیان دەدەن لەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (بینراو، بیستراو، نووسراو) بۆ مسۆگەرکردنی ئاڕاستە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان و پاراستنی سیستەمی باو و چەسپیو، چونکە ڕۆڵیان لە زۆرینەی ئامرازەکانی تری پێگەیاندن باڵاتر و کاریگەرترە (عامر، ٢٠١٢: ٢٠٧).

گرنگترین ئەرك و ڕۆڵەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن: یەکەم، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بنیادنان و دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ، گەشەدانی هۆشیاری و پاڵپشتی هەستی هاوڵاتیبوون و هەستی نەتەوەیی، لەگەڵ دیاریکردنی ئەرك و ڕۆڵ و مافەکانی تاك لە سەرجەم بوارەکاندا، کە هەستی هاوڵاتیبوون بە واتای چەسپاندنی بەهاکان و ڕۆحی هاوکاری و بەشداریکردن دێت لە چوارچێوەی سیاسی و کولتووری کۆمەڵگەدا (الحيالى، ٢٠٢١: ٢٥٨). دووەم، کاریگەری دەبێت لەسەر گەشە و توانای ژیری و پێگەیشتنی لایەنی دەروونی (احمد، ٢٠٢٠: ٢١) و لە توانایدایە کاریگەری لەسەر تەمەنە جیاوازەکان بکات و جێ پەنجەی خۆی بەسەریياندا بسەپێنێت (إسماعيل، ١٩٩٧: ٤٥-٤٦). سێیەم، سۆشیال میدیا )بەتایبەت فەیسبووك وەك لە توێژینەوەکەی شێروان هادی محمددا هاتووە) ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی کولتووری سیاسی و دروستبوونی هۆشیاریی سیاسی، گۆڕینی بیری سیاسی و ئاڵوگۆڕی زانیاری، لەگەڵ بەستنەوەی هەستی ئازادیی سیاسی بە تاکەوە لە کاتی بەکارهێنانیدا (محمد، ٢٠٢٤: ٢٢٨-٢٢٩).

**پێکهاتە و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**

دەروازەیەك بۆ خستنەڕووی ئاسایشی نەتەوەیی

لە ڕابردوودا، کرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی لەسەر لایەنی فیزیکی و ماددی وڵاتان دەکردەوە، وەک چۆنیەتی بەرگریکردن لە خاک، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەرەکی، و بەهێزکردنی تواناکانی سەربازی. بەڵام ئەم بیرۆکەیە گۆڕانی بەسەردا هات و پرۆسەی فراوانخوازی لە ئاسایشی نەتەوەییدا ڕوویدا و ڕەهەندەکانی فراوانتر بوون. ئێستا ڕەهەندەکانی وەک ئاسایشی ئابووری، خۆراک، زانیاری و کۆمەڵگەیی لە پاڵ لایەنە سەربازییەکە هاتنە ناو کایەی توێژینەوەکان (المصري، ٢٠١٩: ٥٨). ئاسایشی نەتەوەیی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مانەوەی سیستەمەکان، هاوڵاتیبوون، و پاراستنی دانیشتووان لە هەڕەشە دەرەکییەکان، کە بەرپرسیارێتی سەرەکی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتەکان (قادر، ٢٠٢٠: ٢٧).

لە سەرەتای دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە، تیۆرە مۆدێرنەکان، ناسراو بە "تیۆرە ڕەخنەییە ئاسایشییەکان"، هاتنە ناو کایەی توێژینەوەی ئاسایشەوە، کە (کێن بۆت) چەمکی

ڕەخنەیی خستە پاڵ توێژینەوە ئاسایشییەکان، دواتر (کیت کرۆز) و (مایکل ویلیامز) بە فراوانکردنی ئاسۆیی و ستوونی کایەی ئاسایش پەرەیان بەم باسەدا، بە تایبەت تیشکیان خستە سەر تاکەکان وەک بابەتی سەرەکی توێژینەوە هاوچەرخەکان (قوجیلی، ٢٠١٤، ٣٢) . قوتابخانەی کۆپنهاگن یەکێکە لە گرنگترین ئەو قوتابخانانەی کە ویستی چەمکی ئاسایش قووڵتر و فراوانتر بکاتەوە، کە ڕیشەی تیۆری خۆی لە کتێبی "باری بوزان "وەرگرتووە (خەڵک، دەوڵەت و ترس - ١٩٨٣). ئەم قوتابخانەیە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی ئاسایش چەمکێکی جێگیر نییە، بەڵکو بنیادێکی کۆمەڵایەتییە و بە شێوەیەکی دینامیکی دروست دەبێت، بەمەش ئاسایش لە ڕوانگە کلاسیکییەکەی جەنگی نێوان وڵاتان تێپەڕێنرا (بوستی، ٢٠١٩، ١).

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و سەرهەڵدانی کێشە ناوخۆییەکان وەک دابەشبوونی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ڕەگەز، تیرۆر، زیادبوونی ماددەی هۆشبەر و کۆچی نایاسایی، بۆ هەمووان ڕوون بووەوە کە ئاسایش تەنها پاراستنی دەرەوەی دەوڵەت نییە، بەڵکو کێشە ناوخۆییەکانیش دەکرێت ببنە هەڕەشەی سەرەکی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەکان. ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی قوتابخانە و تیۆرییە ئەمنییە نوێیەکان کە ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوەیان بەیەکەوە گرێدا و ئاسایشی مرۆڤ و کۆمەڵگەیان لە پاڵ ئاسایشی دەوڵەتدا وەک مەرجەع تەماشا کرد، لێرەوە چەمکی ئاسایش زیاتر فراوان بوو (الزيدي و سلام، ٢٠١٩: ١١). هەندێک لە کۆمەڵناسان باری ئاسایشی نەتەوەیی بە سێ شێواز دەخەنەڕوو :یەکەم، دۆخێکە کە کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان (لە ئاستی نیشتمانیدا) قووڵ نین و نابنە ئاستەنگ .دووەم، کەلێنەکان قووڵ بوونەتەوە بەڵام دەسەڵات ڕێگە بە داواکارییە یاساییەکان دەدات، بەڵام چارەسەرەکە دامەزراوەیی نییە و کێشەکان بەردەوام دەبن .سێیەم، کەلێنەکان بە خێرایی دەتەقنەوە و ئەگەری چارەسەری دامەزراوەیی نییە، بۆیە دەسەڵات پەنا بۆ پۆلیس و هێزی سەربازی دەبات (محمدی، ٢٠١١: ٤٩).

ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی

فراوانبوونی تێڕوانین بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و دەرکەوتنی ڕەهەندە جیاوازەکان سەرچاوەکەی بۆ هەستکردن بە هەڕەشەی نوێ دەگەڕێتەوە، وەک ململانێی چینەکان، نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهات، و زۆربوونی تاوان، کە هاوشانی مەترسییە دەرەکییەکان بوون و پێکەوە ئاسایشی نەتەوەیی گشتگیر پێکدەهێنن (السعيدي و الفيلي، ٢٠٢٣: ١١٦). ڕاپۆرتی UNDPی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٤ سەلمێنەری ئەوە بوو کە بیرکردنەوەی تەنها سەربازی هەڵەیە و پێویستە بوارە مرۆڤایەتییەکان لەبەرچاو بگیرێت (Human Development Report, 1994: 22). باری بوزان پێی وایە نەک تەنها دەوڵەت، بەڵکو کۆمەڵگەش سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەییە (ساڵح، ٢٠١٤: ١٠٤). هەرچەندە تیۆرڤانان لەسەر ژمارەی ڕەهەندەکان کۆک نین، بەڵام توێژەر گرنگترین ڕەهەندە سەرەکییەکان دەخاتە ڕوو:

ڕەهەندی سەربازی

ڕەهەندێکی سەرەکییە و بریتییە لە توانای وڵاتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی و هەڕەشە دەرەکییەکان، کە ئەمەش بە دابینکردنی هێزی سەربازی و چەکی پێشکەوتوو دەبێت بۆ

سنووردارکردنی هێرشەکان. دروستکردنی ژێرخانی هێز و توانای سەربازی پرسێکی گرنگە کە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، چونکە پارێزگاری لە شکۆی وڵات و هاوڵاتیان دەکات (رحمونی، ۲۰۲۲: ۹۳). ستراتیژیەتی نەتەوەیی سەربازی بە هێلکاری و نەخشەڕێی هێز، سوودبینین لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، و پشت بەستن بە بەرهەمی ناوخۆیی، دەبێتە هۆی چاکسازی لە سیستەمی سیاسی و پاراستنی لە هەڕەشە دەرەکییەکان (براهيم، ۲۰۱۳: ۲۳۷). لە ڕابردوودا بە تایبەت دوای جەنگە جیهانییەکان و شەڕی سارد، هێزی سەربازی تەنها فاکتەری بەرەنگاربوونەوە بوو (سالح، ۲۰۱٤: ۱۰٥) .لاوازبوونی ڕەهەندی سەربازی کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ڕەهەندەکانی تر و دەبێتە هۆی ژێردەستەبوون، هەرچەندە پشت بەستنی تەنها بەم ڕەهەندە کارێکی نالۆژیکییە، بەڵام گرنگی زۆری هەیە (السعیدی و الفیلی، ۲۰۲۳: ۱۱۷).

ڕەهەندی ئابووری

ئەم ڕەهەندە توانای ئابووری دەوڵەت دەگرێتەوە لە زاڵبوون بەسەر کێشە ئابوورییەکاندا، کە بە داڕشتنی یاسای تایبەت بە چالاکییەکان، هاوکاری نێوان کەرتی گشتی و تایبەت، بەهێزکردنی دراوی نیشتمانی و بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی بەدی دێت (ئەحمەد، ۲۰۰۷: ۳۷). ئاسایشی ئابووری هێزێکی گەورە بە وڵاتان دەبەخشێت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، و بە کۆڵەکەیەکی گرنگ هەژمار دەکرێت بە مسۆگەرکردنی توانای خۆبەڕێوەبردن و بەرهەمی ناوخۆیی، کە ئەمەش دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکانیش لەخۆ دەگرێت (السعیدی و الفیلی، ۲۰۲۳: ۱۱۸). کرۆکی ئاسایشی ئابووری ئەوەیە کە حکومەت بتوانێت باشترین نموونەی پێشکەوتووی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت بە پشت بەستن بە پلانی درێژمەودا و بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکان (السعیدی و الفیلی، ۲۰۲۳: ۱۱۸). ئاسایشی ئابووری لە دوو بواردا کاریگەری هەیە :بەهێزکردنی بنەماکانی ئابووری نەتەوەیی و سەربەخۆیی ئابووری، کە لە پێناو نەکەوتنە ژێر کاریگەری وڵاتانی ترە. بەهێزی و لاوازی ڕەهەندی ئابووری کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر سیستەمی سیاسی، ئاستی ڕەزامەندی خەڵک، یەکگرتوویی چینەکان، و ئاسایشی مرۆیی، کە تەنانەت فاکتەری ژینگەییش کاریگەرییان دەبێت. بۆیە حکومەت دەبێت ستراتیژی ڕوونی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و بەدیهێنانی دادپەروەری و دابینکردنی ژیانێکی شایستە (سالح، ۲۰۱٤: ۱۰۸-۱۰۹). دابینکردنی خۆراک، ئاو و پێداویستییە ژیانییەکان و خۆشگوزەرانی، بە پێداویستی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێن (طشطوش، ۲۰۱۲: ۱۹٥).

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

بەدیهاتنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی پێشخستنی هەستی خۆشەویستی نیشتمان، پابەندبوون و ناسنامەی نەتەوەیی .ئەم ڕەهەندە کاریگەری هەیە لەسەر بەهێزکردنی گونجان و ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ سنووردارکردنی دیاردە نەرێنییەکان و کەمکردنەوەی تاوان، بۆیە بە پایەیەکی سەرەکی بنیادنانی کۆمەڵگە نوێیەکان هەژمار دەکرێت. بەهێزبوونی ئەم ڕەهەندە دەبێتە هۆی دووبارە بەرهەمهێنانی کلتوور و زمان و ناسنامەی نیشتمانی و پاراستنی بەها و نەریتە باشەکان، کە ئەمەش واتای بەدیهێنانی ئاسایشی تاک و گروپ و کۆمەڵگەیە و

ئەرکێکی سەرەکییە لە دابینکردنی سەقامگیری سیاسی و گەشەپێدانی بەردەوام (السعيدی و الفيلى، ٢٠٢٣: ١١٨). هەستکردن بە دڵنیایی و ئاسوودەیی و بەرەنگاربوونەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییە نەگونجاوەکان ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن (طشطوش، ٢٠١٢: ١٩٩). ئەم ڕەهەندە زۆرترین کاریگەری گۆڕانکاری و هەڕەشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی لەسەرە، بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری، بۆیە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی پێویستی بە ڕاگرتنی دادپەروەری لە نێوان بەها ناوخۆیی و بیانییەکان و هاوسەنگی توانا مرۆیی، سیاسی، ئابووری و کلتوورییەکان هەیە (النور، ٢٠٢٢: ٩٦-٩٧). لە گۆشەنیگایەکی ترەوە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پشت بەستن تەنها بە پۆلیس و ئاسایش خراپترین حاڵەتی دابینکردنی ئاسایشە، و بەهێزیی نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی مەعریفی وڵاتەکان (لە ڕێگەی پەروەردەوە) کار ئاسانی دابینکردنی ئاسایش دەکات. گرنگە ئاگاداری هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگە بین، چونکە پشتگوێخستنی یەکێکیان دەبێتە هۆی لاسەنگی و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی (محمدی، ٢٠١١: ٥٠).

ڕەهەندی سیاسی

مەبەست لە ڕەهەندی سیاسی ئاسایش بریتییە لە پارێزگاریکردنی سیستەم و قەوارەی دەوڵەت )براهيم، ٢٠١٣: ٢٣٠)، کە دوو ئاست لەخۆ دەگرێت :یەکەم، ئاستی ناوخۆیی، کە بریتییە لە کارلێکە سیاسییەکانی ناو سیستەم وەک بەشداریی سیاسی، هەڵبژاردن، دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات، و توانای سیستەم بۆ لەخۆگرتنی ڕەگەزە جیاوازەکان .دووەم، ئاستی دەرەکی، کە بریتییە لە توانای وڵات بۆ گونجان و هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی سیاسەتی دەرەکییەوە (هلال، ١٩٨٤: ١٦). بوزان پێی وایە شێوازی مامەڵەکردنی سیستەمی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر ئاسایش دەبێت، چونکە سەپاندنی سیاسەت یان ئایدیۆلۆژیا بە توندوتیژی دۆخێکی نائاسایی دروست دەکات، هەروەها ناڕەوایی سیستەم دەبێتە مایەی پشێوی. لەسەر ئاستی دەرەوەش، سیستەمێکی توندوتیژ لە ناوخۆدا تووشی قەیران دەبێت و وەک وڵاتێکی لاواز هەژمار دەکرێت (سالح، ٢٠٢١: ٦٠). ڕەهەندی سیاسی بەدی دێت کاتێک مسۆگەری پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسی و ئازادییە گشتییەکان دەکرێت، هەروەها بوونی سیستەمێکی سیاسی جێگیر، بەشداریی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافە سیاسییەکان بە تایبەتی (وەک ئازادی ڕادەربڕین و مافی گەیشتن بە زانیاری) (صبحى، ٢٠٢٠: ١٥٣).

ڕەهەندی ژینگەیی

ڕەهەندی ژینگەیی لەم ساڵانەی دواییدا گرنگی خۆی وەرگرتووە، ئەمەش بەهۆی ئەو هەڕەشە سروشتی و مرۆییانەی کە ڕووبەڕووی ژینگە دەبنەوە، کرۆکەکەی خۆی لە ڕێکارەکاندا دەبینێتەوە بۆ نەهێشتن یان سنووردارکردنی ئەم مەترسیانە. گرنگترین مەترسییەکانیش بریتین لە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، پیسبوونی هەوا و ئاو، بە بیابانبوون، و کەمبوونەوەی سەوزایی، کە چارەسەرکردنیان پێویستی بە سیاسەت و پرۆگرامی تایبەت هەیە و زۆر جار وڵاتان ناچار دەبن پەنا بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی ببەن (النور، ٢٠٢٢: ٩٧-٩٨). مەترسییە ژینگەییەکان هێندە بەهێز دەبن کە دەگەنە ئاستی داڕوخان و لەناوچوونی وڵاتان، بۆیە ئەم ڕەهەندە بە پایەیەکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی هەژمار دەکرێت (السعيدی و الفيلى، ٢٠٢٣:

١٢٠). گۆڕانکارییە ژینگەییەکان کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئاسایشی خۆراک و دەستگەیشتن بە بەرهەمە سروشتییەکان، کە ئەمەش هەڕەشە لەسەر ئاسایشی مرۆڤ و بەدوایدا ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکات (صبحی، ٢٠٢٠: ١٥١). کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان و مەترسییە ژینگەییەکان دەبنە هۆی زیادبوونی ململانێ و توندوتیژی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا (قادر، ٢٠٢٠: ٧٣). هەندێک لە بۆچوونەکان پێیان وایە کە جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە ژینگەییەکان گرنگترە لە جەنگ لەگەڵ وڵاتان، چونکە مەترسی لەسەر ژینگە دەبێتە پاشەکشە و هەڵوەشانەوەیەکی مەترسیدار لەسەر کۆمەڵگە (صبحی، ٢٠٢٠: ١٥٢).

**ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری**

**فۆرمی ڕاپرسییەکە**

توێژەر فۆرمێکی ڕاپرسی داڕشتووە بە مەبەستی کۆکردنەوەی ڕای یەکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە کە بریتیین لە پارێزگاکانی (**هەولێر، سلێمانیی، دهۆك، هەڵەبجە**) سەبارەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە کە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ بەشی یەکەم ئەو گۆڕاوانە دەگرێتەوە کە تیایدا داتا و زانیاری تاکەکەسیی سەبارەت بە یەکەکانی توێژینەوە خراوەتەڕوو و بریتییە لە (**ڕەگەز، گرووپی تەمەن، ئاستی خوێندن، پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون، جۆری نیشتەجێبوون، ئاستی گوزەران، دۆخی کۆمەڵایەتیی، ئینجا ئایا کەسەکە ئەندام یا لایەنگری حیزبە؟**)، (**ئایا بەشداری چالاکیە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان دەکات؟**)، (**ئایا بەشداری ڕووداوە سیاسییەکان و پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکات**). بەڵام بەشی دووەم لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە پێکهاتووە و لە سێ تەوەردا خراوەتەڕوو و بریتین لە (**پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پێگەیاندنی سیاسی، ئاسایشی نەتەوەیی**).

جا لە پێناو خستنەڕووی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو ئاماژە و گوزارانەی کە تەوەرەکانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، تەوەری "**پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی**" بە بەکارهێنانی (٣٢) ئاماژە و بڕگە پێوانە کراوە، بەڵام تەوەری (**پێگەیاندنی سیاسی**) بە بەکارهێنانی (٢٦) بڕگە و ئاماژە پێوانە کراوە، سەبارەت بە تەوەری (**ئاسایشی نەتەوەیی**) لە ڕێگەی (٣٤) ئاماژەوە خراوەتەڕوو. پاشان بەم شێوەیە کۆدڕێژ کراون؛ تەوەری **پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی** (Q1-Q32)، تەوەری **پێگەیاندنی سیاسی** (Q33-Q58)، تەوەری **ئاسایشی نەتەوەیی** (Q59-Q92).

هەروەها پێوەری چوارینەی لیکەرت بەکارهێنراوە، بەشێوەیەك پلەی (١) دەرخەری هاوڕاییەکی توندە و پلەی (٤) دەرخەری ناهاوڕاییەکی توندە. پاشان فۆرمەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و مەیدانی بەسەر ئەو چوار پارێزگایەدا دابەشکراوە کە دەکەونە نێو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەوە، لەو چوار پارێزگایەش (٦٠٠) کەس فۆرمەکەیان پڕ کردۆتەوە. بە ئامانجی ئەوەی توێژەر بگاتە ئامانجە خوازراوەکانی توێژینەوەکە و تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە، توێژەر شێوازی شیکردنەوەی فاکتەری دۆزینەوەیی ( EFA-Exploratory Factor Analysis) بەکارهێناوە.

**خستنە ڕووی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکە:**

١-١؛ دابەشکردنی تاکەکانی یەکەی توێژینەوە بە گوێرەی سێ گۆڕاوی ("ڕەگەز"، "گروپی تەمەن"، "ئاستی خوێندەواری").

- بە مەبەستی زانین و دیاریکردنی دابەشکردنی تاکەکانی یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی جۆری ڕەگەز، پشت بە خشتەی (٣١) بەستراوە کە تیایدا دەرکەوتووە زۆرینەی وەڵامدەرەوەکان لە ڕەگەزی نێر بوونە و ئەوەش بە ڕێژەی (٥٨،٦٧%) بەراورد بە ڕەگەزی مێ کە ڕێژەیان گەیشتووەتە (٤٠,٠٠%). بەڵام دەرکەوتووە کە (١,٣٣%)ی یەکەکانی توێژینەوە ڕەگەزییان نەزانراوە، واتا ئاماژەییان بەوە داوە کە ڕەگەزی سێیەمن، ئەمەش وەکو واقعێکی کۆمەڵگە دەکرێ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەکو لە شێوەی (١٦) ڕێژەی بەشداری یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو دەردەخات.

**خشتەی (٣١)؛ دابەشبوونی یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی ("ڕەگەز"، "گرووپی تەمەن"، "ئاستی خوێندن")ی یەکەکانی توێژینەوە.**

| گۆڕاو | گروپە گۆڕاوەکان | دوپاتەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی بە گوێرەی بەشداری |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | ڕەگەزی تر | 8 | 1.33% | 3 |
| | نێر | 352 | 58.67% | 1 |
| | مێ | 240 | 40.00% | 2 |
| | کۆی گشتی | 600 | 100% | |
| تەمەن | 19 -29 | 123 | 20.50% | 3 |
| | 30-39 | 254 | 42.33% | 1 |
| | 40-49 | 144 | 24.00% | 2 |
| | 50-59 | 51 | 8.50% | 4 |
| | 60-69 | 20 | 3.33% | 5 |
| | 70- بەسەرەوە | 8 | 1.33% | 6 |
| | کۆی گشتی | 600 | 100% | |
| ئاستی خوێندن | بێ بڕوانامە | 9 | 1.50% | 9 |
| | دەخوێنێت و دەنوسێت | 19 | 3.17% | 8 |
| | سەرەتایی | 20 | 3.33% | 6 |
| | ناوەندی | 35 | 5.83% | 4 |
| | ئامادەیی | 67 | 11.17% | 3 |
| | دبلۆم | 143 | 23.83% | 2 |
| | بەکالۆریۆس | 254 | 42.33% | 1 |
| | ماستەر | 33 | 5.50% | 5 |
| | دکتۆرا | 20 | 3.33% | 6 |
| | کۆی گشتی | 600 | 100% | |

- بەڵام سەبارەت بە گرووپی تەمەن، دەرکەوتووە کە یەکەکانی توێژینەوە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان گرووپی (٣٠-٣٩) ساڵی ڕێژەیان دەگاتە (٤٢،٣٣%) بە پلەی یەکەم بەشداریان کردووە و دوای ئەوان تەمەنی (٤٠-٤٩) ساڵیی دێ، ئەم گروپەی تەمەن پلەی دووەمیان وەرگرتووە، ئەوەش بە ڕێژەی (٢٤,٠٠%)، بەڵام پلەی سێیەم، ئەوانەن کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٩-٢٩) ساڵیی کە ڕێژەی بەشداریان دەگاتە (٢٠,٥٠%)، کەمترین ڕێژەی بەشداری ئەوانەن کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٥٠-٥٩) و (٦٠-٦٩) و (٧٠ و زیاتر) بە ڕێژەی (٨,٥٠%) و (٣,٣٣%) و (١,٣٣%). شێوەی (١٧) پلەبەندی ڕێژەی بەشداری یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو دەخاتەڕوو؛

- سەبارەت بە دابەشکردنی یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی ئاستی خوێندن، دەرکەوتووە بەشدارانی ئەم توێژینەوەیە، ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) ن لە پلەی یەکەمدام، ئەوەش بە ڕێژەی (٤٢,٣٣%)، ئەوانەی کە بڕوانامەی دبلۆمیان هەیە بە ڕێژەی (٢٣,٨٣%) لە پلەی دووەمدان، هەروەها دەرکەوتووە بە پلەی سێیەم ئەوانەن کە بڕوانامەی (ئامادەیی)یان هەیە بە ڕێژەی (١١,١٧%)، بەڵام بە پلەی "چوارەم" ئەوانەن کە بڕوانامەی "ناوەندی" و "ماستەر"یان هەیە، ئەوەش بە ڕێژەی (٥,٨٣%) و (٥,٥٠%) دوابەدوایی یەکتر. هەروەها دەرکەوتووە کە یەکەکانی توێژینەوە و ئەوانەی دەکەونە نێو ئەم گروپانەی خوارەوە؛ (دکتۆرا)، (سەرەتایی)، (خوێندنەوە و نووسین) و (بێ بڕوانامە)، کە ڕێژەی بەشداریان زۆر کەمبووە و گەیشتووەتە (٣,٣٣%) و (٣,٣٣%) و (٣,١٧%) و (١,٥٠%) دوابەدوای یەکتر. ئەم شێوەیەی خوارەوە پلەبەندی ڕێژەی بەشداری یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو دەخاتەڕوو.

١,٢. دابەشبوونی تاکەکانی یەکەی توێژینەوە بە گوێرەی ئەم سێ گۆڕاوە ("پیشە"، "شوێنی نیشتەجێبوون"، "پارێزگا").

بە مەبەستی دابەشکردنی تاکە یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی تایبەتمەندی پیشە، دەرکەوتووە کە بە پلەی یەکەم بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە، کارمەندی حکومین بوون، ئەوەش بە ڕێژەی (٥٥,١٧%)، بە پلەی دووەمیش ئەوانە بوون کە قوتابی بوون بە ڕێژەی (١٦,٨٣%)، بەڵام ئەو بەشداربووانەی کە پیشەی ئازادیان هەبووە، بە پلەی سێیەم هاتوون، ئەوەش بە ڕێژەی (١٢,٦٧%)، هەروەها بە پلەی چوارەم و پێنجەم، ئەوانە بەشداریان کردووە کە کارمەندی (کەرتی ناحکومی بوون) لەگەڵ کەسانی بێکار، ئەوەش بە ڕێژەی (٨%) و (٥,٥٠%) دوابەدواییەك، دواجار دەرکەوتووە کەمترین بەشداری خانەنشینەکان بوون، ئەوەش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم (١,٨٣%)، شێوەی (١٩) ڕیزبەندی ڕێژەی بەشداربووانی یەکەی توێژینەوە بە پێی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو دەگرێتەوە؛
وەکو خشتەیەی (٣٢) دابەشبوونی یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی ئەو سێ تایبەتمەندییە، دەردەخات؛

**خشتەی (٣٢)؛ دابەشبوونی یەکەکانی توێژینەوە بەگوێرەی ("پیشە"، "شوێنی نیشتەجێبوون"، "پارێزگا").**

| گۆڕاو | گرووپی گۆڕاو | دووپاتەبوو | ڕێژەی | ڕیزبەندی بە |
| --- | --- | --- | --- | --- |

| گۆڕەی بەشداری | سەدی | | | |
|---|---|---|---|---|
| 3 | 12.67% | 76 | سەربەخۆ | پیشە |
| 1 | 55.17% | 331 | فەرمی | |
| 4 | 8.00% | 48 | کەرتی تایبەت | |
| 5 | 5.50% | 33 | بێ کار | |
| 6 | 1.83% | 11 | خانەنشین | |
| 2 | 16.83% | 101 | قوتابی | |
| | 100% | 600 | کۆی گشتی | |
| 1 | 45.00% | 270 | ناوشار | شوێنی نیشتەجێ بوون |
| 2 | 35.83% | 215 | قەزا | |
| 3 | 19.17% | 115 | ناحیە | |
| | 100% | 600 | کۆی گشتی | |
| 1 | 36.00% | 216 | هەولێر | پارێزگا |
| 3 | 27.00% | 162 | دهۆك | |
| 2 | 33.67% | 202 | سلێمانی | |
| 4 | 3.33% | 20 | هەڵەبجە | |
| | 100% | 600 | کۆی گشتی | |

- بە گۆڕەی شوێنی نیشتەجێبوونی یەکەکانی توێژینەوە، دەرکەوتووە بە پلەی یەکەم ئەوانە دانیشتووی سەنتەری شارەکان بوون، ئەوەش بە ڕێژەی (٤٥%)، لە کاتێکدا دانیشتوانی قەزاکان، بە پلەی دووەم هاتوون بە ڕێژەی بەشداری (٣٥,٨٣%)، دەرکەوتووە کەمترین ڕێژەی بەشداربووان ئەوانەن کە دانیشتووی ناحیەکان بوون، ئەوەش بە ڕێژەی بەشداری (١٩,١٧%)، ئەم شێوەیەی خوارەوە ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە؛

- بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی دابەشکردنی یەکەکانی توێژینەوە بەسەر هەرچوار پارێزگاکەدا، سەرنجدراوە کە زۆرینەی بەشداربوونی ئەم توێژینەوە مەیدانییە، کەوتوونەتە شارەکانی هەولێر و سلێمانیی، هەڵبەت بەجیاوازییەکی زۆر کەمی بەشداریکردنەوە، واتە بەڕێژەی بەشداری (٣٦%) و (٣٣,٦٧%) دوابەدواییەك. بەڵام بەشدارانی شاری دهۆك، بەڕێژەی (٢٧%) بەشداربوون، کەمترین بەشداریش لە شاری (هەڵەبجە) بووە بە ڕێژەی (٣,٣٣%). ئەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزبەندی ڕێژەی بەشداری یەکەکانی توێژینەوە بە گۆڕەی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو؛

**١,٣؛ دابەشبوونی یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی هەر سێ گۆڕاوی ("جۆری نیشتەجێبوون"، "ئاستی گوزەران"، "دۆخی کۆمەڵایەتیی").**

بە مەبەستی دابەشکردنی یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی ئەو سێ تایبەتمەندییەی باسمانکرد و لەسەر بنەمای خشتەی (٣٣)، بەو ئەنجامە گەیشتووین کە زۆرینەی وەڵامدەرەوەکان شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی خۆیان هەبووە (موڵك)، ئەوەش بە ڕێژەی (٦٧,١٧%)، بەڵام ئەوانەی لە خانووی کرێ-دا بوون، بە پلەی دووەم هاتوون، ئەوەش بە ڕێژەی (٢٢%)، بەڵام ئەوانەی

لەگەڵ کەسانی دیکە هاوماڵ بوون بەڕێژەی (٥,٦٧%) بەشداربوون، هەروەها ئەوانەی لە خانووی حکومەتدا نیشتەجێبوون، بە ڕێژەیەکی کەم بەشداربوون کە گەیشتووەتە (٣,١٧%)، دواجار دەرکەوتووە کە جۆرەکانی دیکەی نیشتەجێبوون، بە ڕێژەیەك بەشداربوون کە شایانی باسکردن نییە، واتە بە ڕێژەی (٢%). شێوەیەی (٢٢)، ڕیزبەندی ڕێژەی بەشداری یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو دەردەخات.

**خشتەی (٣٣)؛ دابەشبوونی یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی ("جۆری نیشتەجێبوون"، "ئاستی گوزەران"، "ئاستی کۆمەڵایەتی")**

| گۆڕاو | گرووپی گۆڕاو | دووپاتەبوو | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی بە گوێرەی بەشداری |
|---|---|---|---|---|
| جۆری نیشتەجێبوون | کرێ | 132 | 22.00% | 2 |
| | موڵك | 403 | 67.17% | 1 |
| | حکومی | 19 | 3.17% | 4 |
| | لەگەڵ کەسانیتر | 34 | 5.67% | 3 |
| | جۆری تر | 12 | 2.00% | 5 |
| | کۆی گشتی | 600 | 100% | |
| ئاستی بژێوی | زۆرباش | 60 | 10.00% | 2 |
| | باش | 477 | 79.50% | 1 |
| | خراپ | 52 | 8.67% | 3 |
| | زۆر خراپ | 11 | 1.83% | 4 |
| | کۆی گشتی | 600 | 100% | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 171 | 28.50% | 2 |
| | خێزاندار | 416 | 69.33% | 1 |
| | جیابۆوە | 9 | 1.50% | 3 |
| | تاك مردوو | 4 | 0.67% | 4 |
| | کۆی گشتی | 600 | 100% | |

سەبارەت بە ئاستی ئابووری و گوزەرانی یەکەکانی توێژینەوە، دەرکەوتووە بە پلەی یەکەم بەشداربووان ئاستی ئابووریان باشە، ئەوەش بە ڕێژەی (٧٩,٥٠%)، هەروەها دەرکەوتووە کە بەڕێژەی (١٠%) ئاستی ئابووریان زۆر باشە، هەروەها دەرکەوتووە کە یەکەکانی توێژینەوە و ئەوانەی ئاستیی ئابووریان نزم و خراپە، بەڕێژەی (٨,٦٧%) بەشداربوون، دواجار دەرکەوتووە ئەوانەی ئاستی ئابووریان زۆر نزمە، بەشداری (١,٨٣%) بەشداربوون، ئەمانەش کەمترین ئاستی بەشداریان هەبووە. ئەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزبەندی ڕێژەی بەشداری یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو دەخاتەڕوو؛

دواجار، توێژەر بۆی دەرکەوتووە کە بە پلەی یەکەم بەشداربووان هاوسەردارن و ئەوش بە ڕێژەی (٦٩,٣٣%)، لە کاتێکدا ڕێژەی سەڵتەکان (٢٨,٥٠%) بووە، بەڵام جیابۆوەکان و ئەوانەی (هاوسەریان لەدەستداوە) و بەشداری ئەم توێژینەوەیان کردووە، ڕێژەیان زۆر کەم بووە، واتە بە ڕێژەی (١,٥٠%) و (٠,٦٧%) دوابەدواییەك. ئەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزبەندی ڕێژەی بەشداری یەکەکانی توێژینەوە بەگوێرەی تایبەتمەندیەکی دیاریکراو دەردەخات.

١,٤: دابەشبوونی یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی باری سیاسی ، هەر سێ پرسیاری: (**"ئایا ئەندام یا لایەنداری حیزبیت؟"، "ئایا بەشداری چالاکیە کۆمەڵایەتیی و کولتورییەکان دەکەیت؟"، "ئایا بەشداری ڕووداوە سیاسیەکان و پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەیت؟"**). هەروەك لە خشتەی (٣٤)ـەوە دەردەکەوێت؛

**خشتەی (٣٤): دابەشبوونی یەکەکانی توێژینەوە بە گوێرەی باری سیاسی.**

| گۆڕاو | گرووپی گۆڕاو | دوپاتبوو | ڕێژەی سەدی | ڕیزبەندی بە گوێرەی بەشداری |
|---|---|---|---|---|
| ئەندام یان لایەنگیری پارتیت هەیە | بەڵێ | 374 | 62.33% | 1 |
| | نەخێر | 226 | 37.67% | 2 |
| | کۆی گشتی | 600 | 100% | |
| بەشداری بۆنە کۆمەڵایەتی و خێزانیە و ڕۆشنبیری و کولتورییەکان دەکەی | بەڵێ | 495 | 82.50% | 1 |
| | نەخێر | 105 | 17.50% | 2 |
| | کۆی گشتی | 600 | 100% | |
| بەشداری بۆنە و یادە سیاسی و پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەی | بەڵێ | 441 | 73.50% | 1 |
| | نەخێر | 159 | 26.50% | 2 |
| | کۆی گشتی | 600 | 100% | |

١. بەشداربوانی توێژینەوەکە ئەندام یا لایەنداری **پارتە سیاسییەکان** بوون لە پلەی یەکەمدان، ئەوش بە ڕێژەی بەشداری (٦٢,٣٣%)، بەراورد بەوانەی لایەنداری حیزب نین بە ڕێژەی (٣٧,٦٧%) لە پلەی دووەمدان.

٢. دەرکەوتووە زۆرینەی ئەوانەی بەشداری چالاکیە کۆمەڵایەتیی و کولتورییەکانیان کردووە بە ڕێژەی (٨٢,٥٠%)، لەبەرامبەر ئەوانەی بەشداریان نەکردووە بە ڕێژەی (١٧,٥٠%). شێوەیەی (٢٦) ئەو ڕاستیە پشت ڕاست دەکاتەوە؛

٣. دواجار دەرکەوتووە کە زۆرینەی ئەوانەی بەشداری ڕووداوە سیاسیی و پرۆسەکانی هەڵبژاردنیان کردووە، ڕێژەیان گەیشتووەتە (٧٣,٥٠%) لە بەرامبەر ڕێژەی ئەوانەی بەشدار سفری بە ڕێژەی (٢٦,٥٠%). شێوەیەی (٢٧) ئەو ڕاستیە پشت ڕاست دەکاتەوە؛

**باسی دووەم**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**تاوتوێکردنی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە پێی ئامانجەکان:**

لەم باسە ئامانجەکانی توێژینەوەکە تاوتوێ دەکەین بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوەکە، ئەوەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتای ناو خشتەکانی توێژینەوەکە، بە شێوەیەك گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دابەشکراوەتە سەر دوو تەوەر: تەوەری یەکەم کە بریتییە لە گۆڕاوی **"پێگەیاندنی سیاسی"** دەپێون، ئەم تەوەرە بە بەکارهێنانی شەش ڕەهەند پێوانەکراوە کە بریتین لە: (**پارتە سیاسییەکان، خێزان، فاکتەری کۆمەڵگەیی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، پەروەردە، دامەزراوە ئاینییەکان**). تەوەری سێیەمیش بریتییە لە گۆڕاوی **"ئاسایشی نەتەوەیی"**، بە شێوەیەك لە ڕێگەی شەش بڕگەوە پێوانەکراوە کە بریتین لە (**ڕەهەندی سیاسی، ڕەهەندی ژینگەیی، ڕەهەندی سەربازی، ڕەهەندی سایبێری، ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی**).

**٢،٢؛ تاووتوێکردنی تەوەری "پێگەیاندنی سیاسی"** بە پێی ئامانجی (پێوانەکردنی ئاستی پێگەیاندنی سیاسی دەزگا سەرەکییەکانی کۆمەڵگە لە پێکهێنانی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی) و (دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی جیاوازی ڕۆڵی دەزگاکانی پێگەیاندنی سیاسی لە پێکهێنانی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی)

بڕگە و ئاماژەکانی ئەو تەوەرە باسکراوە، ئەوەش بە گوێرەی هەر حەوت ڕەهەندەکە، وەك لە خوارەوە باسی دەکەین، کە ڕەهەندەکان بریتین لە :

یەکەم: پارتە سیاسیەکان

دووەم: خێزان

سێیەم: فاکتەری کۆمەڵگەیی

چوارەم: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

پێنجەم: پەروەردە

شەشەم: دامەزراوە ئاینیەکان

**٢،٢،١: ڕەهەندی "پارتە سیاسیەکان"**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی ناو خشتەی (٤٣)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەندنەکردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوەش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (٢،٤٧) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٦١،٧٩%)، لەلایەکی دیکە و بە جەختکردنەوە لەسەر بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو، دەرکەوتووە کە نزیکە لە ئاستی پەسەند بە بەهای (٢،٥٠)، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەکانی ڕەهەندی ناوبراو فەراهەمە، ئەوەش بە پشت بەستن بەو شەش بڕگەیەی کە ئەو ڕەهەندەیان پێواوە، بەڵام بە ئاستێکی تاڕادەیەك نزم، هەڵبەت لە ڕوانگەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.
- سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Z1.1) کە دەڵێ (**لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی پارتە سیاسیەکانەوە فێری بڕیاردان بووم)**، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (٢،٥٦) و ڕێژەی هاوڕایی (٦٣،٩٦%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە کەمترین پلەی

هاوڕایی هی بڕگەی (Z1.2) بووە کە بریتییە لە (**پارتە سیاسیەکان فێری بەشداری سیاسیان کردم**) بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (٢,٤١) واتە بە ڕێژەی (٦٠,٢٩%).

- لە ڕێگەی ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراوەی ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بە بڕگە تاکەکان، سەرنجدراوە کە بەهاکەی کەوتووەتە نێوان (٢,٥٦) و (٢,٤١)، لە کاتێکدا بەهای نزیك لە ئاستی پەسەند بریتییە لە (٢,٥٠)، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەکان بە شێوەیەکی گشتی بە ئاراستەی هاوڕاییدایە، بەڵام بە ئاستێکی نزیك.

**خشتەی (٤٣)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "پارتە سیاسییەکان"**

| کۆد | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Z1.1 | لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی پارتە سیاسیەکانەوە فێری بڕیاردان بووم. | 2.56 | 0.89 | 34.70% | 63.96% | هاوڕام | 1 |
| Z1.2 | پارتە سیاسیەکان فێری بەشداری سیاسیان کردم. | 2.41 | 0.89 | 36.70% | 60.29% | هاوڕا نیم | 6 |
| Z1.3 | گەشەی دیموکراسی و هۆشیاریم بەهۆی پارتە سیاسیەکانەوە بووە. | 2.55 | 0.91 | 35.76% | 63.67% | هاوڕام | 2 |
| Z1.4 | پارتە سیاسیەکان هزر و بیرمان فراوان دەکەن بۆ مومارەسەی کاری سیاسی سەردەمیانە. | 2.41 | 0.92 | 38.31% | 60.29% | هاوڕا نیم | 5 |
| Z1.5 | پارتە سیاسیەکان | 2.44 | 0.96 | 39.41% | 61.00% | هاوڕا نیم | 4 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | فێری کار و بەشداری خۆبەخشانەیان کردووم لە پێناو پێشخستنی کۆمەڵگە | | | | | | |
| Z1.6 | پارتە سیاسیەکان فێریان کردم ببم بە سیاستمەدارێکی هۆشیار و پێگەیشتوو. | 2.46 | 0.95 | 38.61% | 61.54% | هاوڕا نیم | 3 |
| Z1 | ئاماژەی گشتی | 2.47 | 0.73 | 29.61% | 61.79% | هاوڕا نیم | |

- بەڵام سەبارەت بە هاوکۆلکەی جیاوازی، دەرکەوتە کە بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (٣٤,٧٠%) بۆ بڕگەی (Z1.1) کە دەڵێ (**لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی پارتە سیاسیەکانەوە فێری بڕیاردان بووم**)، بە شێوەیەك پلەی بۆچوونەکان گونجاوتر و لێکنزیکترن. بەڵام سەبارەت بە بڕگەی (Z1.5) کە دەڵێ (**پارتە سیاسیەکان فێری کار و بەشداری خۆبەخشانەیان کردووم لە پێناو پێشخستنی کۆمەڵگە**)، بەهای هاوکۆلکەکەی بریتییە لە (٣٩,٤١%)، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلەی بۆچوونەکان جیاوازی و لێکدوورترە، بە مانایەکی دیکە، یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو بڕگەیە ڕای جیاوازیان هەیە، واتە پلەی بۆچوونەکانیان، بەراورد بە بڕگەکانی دیکە، پەرت و جۆراوجۆرە.

**٢,٢,٢؛ ڕەهەندی "خێزان"؛**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی ناو خشتەی (٤٤)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند نەکردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوەش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (٢,١٣) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٥٣,٣٤%)، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەکانی ڕەهەندی ناوبراو فەراهەم نییە، ئەوەش بە پشت بەستن بەو چوار بڕگەیەی کە ئەو ڕەهەندەیان پێواوە، ئەوەش ڕوانگەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە.
- سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Z2.3) کە دەڵێ (**خێزانەکەم لە پێناو پاراستنی شکۆ و ناسنامەی نەتەوەیی وەچەی زیاتر دەخاتەوە**)، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (٢,٢٨) و ڕێژەی هاوڕایی (٥٧,٠٤%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە

برگەی (Z2.1) کەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ **(خێزانەکەم ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دروستکردنی ئینتیمای سیاسیم)** بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (٢,٠٤) واتە بە ڕێژەی (٥٠,٩٦%). وەك دەزانین ئاستی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو چوار برگەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو چەمك گوزارانەی تێیدایە، هاوڕا و سازاو نین.

- هەروەها دەرکەوتووە کە ئاستی ڕا و بۆچوونەکان سەرجەم برگە تاکەکان (هەر برگەیەك بۆ خۆی)، بە ئاراستەی ناهاوڕاییدایە، ئەوش بە پشت بەستن بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەکەوێتە نێوان (٢,٢٨) و (٢,٠٤).

**خشتەی (٤٤)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "خێزان"**

| کۆد | برگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی برگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Z2.1 | خێزانەکەم ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دروستکردنی ئینتیمای سیاسیم. | 2.04 | 0.87 | 42.90% | 50.96% | هاوڕا نیم | 4 |
| Z2.2 | خێزانەکەم یارمەتیاندام لە بەژداری سیاسی. | 2.17 | 0.86 | 39.61% | 54.33% | هاوڕا نیم | 2 |
| Z2.3 | خێزانەکەم لە پێناو پاراستنی شکۆ و ناسنامەی نەتەوەیی وەچەی زیاتر دەخاتەوە. | 2.28 | 0.89 | **39.13%** | **57.04%** | هاوڕا نیم | 1 |
| Z2.4 | خێزانەکەم وەکو پردێك بوو بۆ گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسیم. | 2.04 | 0.83 | 40.42% | 51.04% | هاوڕا نیم | 3 |
| Z2 | ئاماژەی | 2.13 | 0.68 | 31.77% | 53.34% | هاوڕا نیم | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گشتی | | | | | | |

• بەڵام سەبارەت بە هاوکۆلکەی جیاوازی، دەرکەوتوە کە بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (٣٩,١٣%) بۆ بڕگەی (Z2.3) کە دەڵێ **(خێزانەکەم لە پێناو پاراستنی شکۆ و ناسنامەی نەتەوەیی وەچەی زیاتر دەخاتەوە)**، بە شێوەیەك پلەی بۆچوونەکان گونجاوتر و لێکنزیکترن. بەڵام سەبارەت بە بڕگەی (Z2.1) کە دەڵێ **(خێزانەکەم ڕۆڵی سەرەکی بینی لە دروستکردنی ئینتیمای سیاسیم)**، بەهای هاوکۆلکەکەی بریتییە لە (٤٢,٩٠%)، ئەوش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلەی بۆچوونەکان جیاوازی و لێکدوورترە، بە مانایەکی دیکە، یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو بڕگەیە ڕای جیاوازیان هەیە، واتە پلەی بۆچوونەکانیان، بەراورد بە بڕگەکانی دیکە، پەرت و جۆراوجۆرە.

### ٢,٢,٣: ڕەهەندی "فاکتەری کۆمەڵگەیی"

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی ناو خشتەی (٤٥)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

• سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند کردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەکان تاڕادەیەك بەرزە، ئەوش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (٢,٦١) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٦٥,١٤%)، ئەوش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەکانی ڕەهەندی ناوبراو فەراهەم هەیە، ئەوش بە پشت بەستن بەو شەش بڕگەیەی کە ئەو ڕەهەندەیان پێواوە، هەڵبەت لە ڕوانگەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکەوە.

• سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Z3.3) کە دەڵێ **(خێزانەکەم فێری کردم بەشداری پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن بکەم)**، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (٢,٨٧) و ڕێژەی هاوڕایی (٧١,٧٩%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە بڕگەی (Z3.2) کەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ **(خێزانەکەم بوەتە هۆی ئەوەی من بیر لە ئەندامبوونی پارتایەتیم بکەمەوە)** بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (٢,٤٢) واتە بە ڕێژەی (٦٠,٥٤%). وەك دەزانین ئاستی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو شەش بڕگەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو چەمك گوزارانەی تێیدایە، هاوڕان.

**خشتەی (٤٥)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "فاکتەری کۆمەڵگەیی"**

| کۆد | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Z3.1 | خێزانەکەم فێری کردووم | 2.54 | 0.91 | 35.72% | 63.50% | هاوڕا | 4 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قبولی جیاوازی فرەپارتی بکەم. | | | | | | |
| Z3.2 | خێزانەکەم بوەتە هۆی ئەوەی من بیر لە ئەندامبوونی پارتایەتیم بکەمەوە. | 2.42 | 0.90 | 37.36% | 60.54% | هاوڕانیم | 6 |
| Z3.3 | خێزانەکەم فێری کردم بەشداری پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن بکەم. | 2.87 | 0.89 | **30.95%** | **71.79%** | هاوڕام | 1 |
| Z3.4 | ناوەندەکانی خوێندن وایانکردوە دوور بکەومەوە لە مومارەسەکردنی کاری سیاسی. | 2.57 | 0.86 | 33.31% | 64.25% | هاوڕام | 3 |
| Z3.5 | ناوەندەکانی خوێندن فێری کولتووری یەکتر قبوڵ کردنیان کردووم. | 2.71 | 0.89 | 32.95% | 67.67% | هاوڕام | 2 |
| Z3.6 | پارتە سیاسیەکان فێریان کردم چۆن پارێزگاری لە خاك و نیشتیمان بکەم. | 2.52 | 0.99 | 39.12% | 63.08% | هاوڕام | 5 |
| Z3 | ئاماژەی گشتی | 2.61 | 0.49 | 18.89% | 65.14% | هاوڕام | |

- بەڵام سەبارەت بە هاوکۆلکەی جیاوازی، دەرکەوتوە کە بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (%٣٠،٩٥) بۆ برگەی (Z3.3) کە دەڵێ **(خێزانەکەم فێری کردم بەشداری پرۆسەی**

**ديموكراسی وهەڵبژاردن بكەم)**، بە شێوەیەك پلەی بۆچوونەكان گونجاوتر و لێكنزیكترن. بەڵام سەبارەت بە بڕگەی (Z3.6) كە دەڵێ **(پارتە سیاسیەكان فێریان كردم چۆن پارێزگاری لە خاك و نیشتیمان بكەم)**، بەهای هاوكۆلكەكەی بریتییە لە (٣٩,١٢%)، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلەی بۆچوونەكان جیاوازی و لێكدوورترە، بە مانایەكی دیكە، یەكەكانی توێژینەوە سەبارەت بەو بڕگەیە ڕای جیاوازیان هەیە، واتە پلەی بۆچوونەكانیان، بەراورد بە بڕگەكانی دیكە، پەرت و جۆراوجۆرە.

**٢,٢,٤: ڕەهەندی "ئامرازەكانی ڕاگەیاندن"**

لە میانەی شیكردنەوەی داتاكانی ناو خشتەی (٤٦)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەركەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەكانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەركەوتووە ئاستی بۆچوونی یەكەكانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند نەكردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەكان نزمە، ئەوەش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگكراو كە دەگاتە (٢,٣١) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٧٥,٨٥%)، كە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەكانی ڕەهەندی ناوبراو فەراهەم نییە، ئەوەش بە پشت بەستن بەو پێنج بڕگەیەی كە ئەو ڕەهەندەیان پێوەوە، هەڵبەت لە ڕوانگەی تاكەكانی نموونەی توێژینەوەكەوە.
- سەبارەت بە بڕگە تاكەكانیش، دەركەوتووە كە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Z4.1) كە دەڵێ **(سۆشیاڵ میدیا بونەتە بەرزكردنەوەی هەستی سیاسیم)**، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگكراو بە ڕادەی (٢,٦٧) و ڕێژەی هاوڕایی (٦٦,٧٥%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەكەمی وەرگرتووە. هەروەها دەركەوتووە كە بڕگەی (Z4.4) كەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ **(كەناڵەكانی ڕاگەیاندن هۆكارن بۆ تێكچوونی یەكڕیزی لای پارتە سیاسیەكان)** بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگكراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (٢,٠٤) واتە بە ڕێژەی (٥٠,٩٢%). وەك دەزانین ئاستی ڕای یەكەكانی توێژینەوە سەبارەت بەو پێنج بڕگەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕای یەكەكانی توێژینەوە سەبارەت بەو چەمك گوزارانەی تێیدایە، هاوڕا نین، جگە لە یەك بڕگە نەبێ كە بەرزترین ئاستی هاوڕایی لەبارەوە هەیە (ئاستێكی بەرزی هاوڕایی).

**خشتەی (٤٦)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "ئامرازەكانی ڕاگەیاندن"**

| كۆد | بڕگەكان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوكۆلكەی جیاوازی | ئاستی پەسەندكردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Z4.1 | سۆشیاڵ میدیا بونەتە بەرزكردنەوەی هەستی سیاسیم. | 2.67 | 0.92 | 34.38% | 66.75% | هاوڕام | 1 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Z4. 2 | کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هۆکارن بۆ گەشەپێدانی سیاسیم. | 2.50 | 0.93 | 37.37% | 62.46% | هاوڕانیم | 2 |
| Z4. 3 | کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاری سیاسیان لە لای من قێزەون کردووە. | 2.28 | 0.95 | 41.88% | 56.88% | هاوڕانیم | 3 |
| Z4. 4 | کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هۆکارن بۆ تێکچوونی یەکرێزی لای پارتە سیاسیەکان. | 2.04 | 0.93 | 45.89% | 50.92% | هاوڕانیم | 5 |
| Z4. 5 | پێگەیاندنی سیاسی میکانیزمێکە بۆ تێگەیشتن لە واقعی کۆمەڵگە و هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر نیشتیمان و نەتەوە. | 2.09 | 0.88 | 41.98% | 52.25% | هاوڕانیم | 4 |
| Z4 | ئاماژەی گشتی | 2.31 | 0.54 | 23.44% | 57.85% | هاوڕانیم | |

- بەڵام سەبارەت بە هاوکۆلکەی جیاوازی، دەرکەوتوە کە بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (٣٤,٣٨%) بۆ برگەی (Z4.1) کە دەڵێ **(سۆشیاڵ میدیا بونەتە بەرزکردنەوەی هەستی سیاسیم)**، بە شێوەیەك پلەی بۆچوونەکان گونجاوتر و لێکنزیکترن. بەڵام سەبارەت بە برگەی (Z4.4) کە دەڵێ **(کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هۆکارن بۆ تێکچوونی یەکرێزی لای پارتە سیاسیەکان)**، بەهای هاوکۆلکەکەی بریتییە لە (٤٥,٨٩%)، ئەوش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلەی بۆچوونەکان جیاوازی و لێکدوورترە، بە مانایەکی دیکە، یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو برگەیە ڕای جیاوازیان هەیە، واتە پلەی بۆچوونەکانیان، بەراورد بە برگەکانی دیکە، پەرت و جۆراوجۆرە.

**٢,٢,٥: ڕەهەندی "پەروەردە"**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی ناو خشتەی (٤٧)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەندنەکردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (٢,٣٦) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٥٩,٠٧%).
- سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Z5.3) کە دەڵێ (**دامەزراوە پەروەردییەکان بەشێك بوون لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیم**)، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (٢,٦٣) و ڕێژەی هاوڕایی (٦٥,٨٣%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە بڕگەی (Z5.1) کەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ (**ناوەندەکانی خوێندن بەها سیاسییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەویەکی تر دەگوازنەوە**) بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (٢,٢١) واتە بە ڕێژەی (٥٥,٢٩%).

**خشتەی (٤٧)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "پەروەردە"**

| کۆد | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Z5.1 | ناوەندەکانی خوێندن بەها سیاسیەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەویەکی تر دەگوازنەوە | 2.21 | 0.87 | 39.37% | <u>55.29%</u> | هاورا نیم | 3 |
| Z5.2 | مامۆستا فیرنکردم ڕقم لە هیچ پارت و کەسایەتیەکی سیاسی نەبێتەوە. | 2.24 | 0.89 | <u>39.51%</u> | 56.08% | هاورا نیم | 2 |
| Z5.3 | دامەزراوە ئاینیەکان | 2.63 | 0.89 | **<u>33.76%</u>** | **<u>65.83%</u>** | هاوڕام | 1 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | بەشێك بوون لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیم. | |
| | هاورا نیم | 59.07% | 26.93% | 0.64 | 2.36 | ئاماژەی گشتی | Z5 |

- بەڵام سەبارەت بە هاوکۆلکەی جیاوازی، دەرکەوتوە کە بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (٣٣,٧٦%) بۆ بڕگەی (Z5.3) کە دەڵێ **(دامەزراوە پەروەردییەکان بەشێك بوون لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیم)**، بە شێوەیەك پلەی بۆچوونەکان گونجاوتر و لێکنزیکترن. بەڵام سەبارەت بە بڕگەی (Z5.2) کە دەڵێ **(مامۆستا فێرکردم ڕقم لە هیچ پارت و کەسایەتیەکی سیاسی نەبێتەوە)**، بەهای هاوکۆلکەکەی بریتییە لە (٣٩,٥١%)، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلەی بۆچوونەکان جیاوازی و لێکدوورترە، بە مانایەکی دیکە، یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو بڕگەیە ڕای جیاوازیان هەیە، واتە پلەی بۆچوونەکانیان، بەراورد بە بڕگەکانی دیکە، پەرت و جۆراوجۆرە.

**٢,٢,٦: ڕەهەندی "دامەزراوە ئایینیەکان"**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی ناو خشتەی (٤٨)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند نەکردندایە، واتە ئاستی هاورایی سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوەش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (٢,١٦) و بە ڕێژەی هاورایی (٥٤,٠٤%).
- سەبارەت بەو دوو بڕگەیەی کە ئەو ڕەهەندە دەپێوێ، دەرکەوتووە کە ناوەندی پلەی بۆچوونەکان بۆ هەر یەك لەو دوو بڕگەیە، بە ئاراستەی ناوهاوڕاییدایە. هەروەها دەرکەوتووە کە بڕگەیەی کە دەڵێ **(دامەزراوە ئاینیەکان ڕۆڵیان نەبینی لە ئاراستەی سیاسیم)** بەرزترین پلەی هاورایی و گونجانی لەبارەوە هەیە بەراورد بە بڕگەی **(دامەزروە ئاینیەکان پەیوەندییان بە کاروباری سیاسی منەوە نەبوو)**، ئەوەش بە پشت بەستن بە هەردوو بەهای بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاورایی و هەروەها هاوکۆلکەی جیاوازی بۆ هەر یەك لەو دوو بڕگەیە بریتییە لە (٢,٢٥، ٥٦,١٣%، ٣٩,٩١%)، (٢,٠٨، ٥١,٩٦%، ٤٢,٣٢%).

**خشتەی (٤٨)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "دامەزراوە ئایینیەکان"**

| پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی | ئاراستەی برگە | ئاستی پەسەندکردن | هاوکۆلکەی جیاوازی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | بڕگەکان | کۆد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هاورا نیم | **56.13%** | **39.91%** | 0.90 | 2.25 | دامەزراوە ئاینیەکان ڕۆڵیان | Z6.1 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەبینی لە ئاڕاستەی سیاسیم. | | | | | | |
| Z6.2 | دامەزراوە ئاینیەکان پەیوەندییان بە کاروباری سیاسی منەوە نەبوو. | 2.08 | 0.88 | 42.32% | 51.96% | هاوڕا نیم | 2 |
| Z6 | ئاماژەی گشتی | 2.16 | 0.78 | 36.08% | 54.04% | هاوڕا نیم | |

**تاووتوێکردنی تەوەری "ئاسایشی نەتەوەیی"** بە پێی ئامانجی (دەستنیشانکردنی ڕەهەند و ئالەنگارییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان)

بڕگە و ئاماژەکانی ئەو تەوەرە باسکراوە، ئەوەش بە گوێرەی هەر شەش ڕەهەندەکە، وەك لە خوارەوە باسی دەکەین، کە ڕەهەندەکان بریتین لە :

**ڕەهەندی "سیاسیی"**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی (٤٩)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و پشت بەست بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند نەکردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوەش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (٢,٢١) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٥٥,٢٢%). ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەکانی ئەو ڕەهەندە فەراهەم نین، هەڵبەت بە پشت بەستن بە بەو حەوت بڕگەیەی کە ئەم ڕەهەندەی پێوانە کردووە، هەڵبەت لە ڕوانگەی یەکەکانی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیەوە.
- سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Y1.3) کە دەڵێ (**حکومەت دەتوانێ، بە بێ جیاوازی، بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە و دادپەروەری سیاسیی لە نێو هاوڵاتیاندا بەدی بهێنێ**)، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (٢,٤٧) و ڕێژەی هاوڕایی (٦١,٨٣%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە بڕگەی (Y1.4) کەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ (**زۆر بوونی پارتە سیاسییەکان لە هەرێم بووەتە هۆی لاوازی و مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی**) بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (١,٨٨)، (٤٧,٠٤%).

**خشتەی (٤٩)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "سیاسیی"**

| کۆد | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٥

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y1.1 | سیستەمی سیاسییەکانی دەوڵەت بەهێزە، دەتوانێ بەرەنگاری قەیرانە سیاسییەکان ببێتەوە. | 2.30 | 0.96 | 42.01% | 57.38% | هاوڕانیم | 4 |
| Y1.2 | دامەزراوەکان دەتوانن، بە شێوەیەکی کارا و دادپەروەرانە یاسا جێبەجێ بکات و، هاوڵاتیان لە ناو سیستەمی سیاسییدا هەست بە متمانە دەکەن. | 2.35 | 0.94 | 39.84% | 58.71% | هاوڕانیم | 3 |
| Y1.3 | حکومەت دەتوانێ، بە بێ جیاوازی، بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە و دادپەروەری سیاسیی لە نێو هاوڵاتیاندا بەدی بهێنێ. | 2.47 | 1.04 | 42.23% | **61.83%** | هاوڕانیم | 1 |
| Y1.4 | زۆر بوونی پارتە سیاسییەکان لە هەرێم بووەتە هۆی لاوازی و مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی | 1.88 | 0.89 | 47.30% | 47.04% | هاوڕام | 9 |
| Y1.5 | دیموکراسی و هەڵبژاردن لە هەرێم خاڵی بەهێز و سەرەکین لە ئاڕاستەکردنی سیستەمی سیاسی و پەرەدان بە ئاسایشی نەتەوەیی | 2.13 | 0.90 | 42.55% | 53.17% | هاوڕانیم | 7 |
| Y1.6 | کۆمەڵگە سەقامگیری کۆمەڵایەتیی هەیە، بە شێوەیەك هاوڵاتیان دەتوانن ببنە خاوەنی مافە سەرەتاییەکانی خۆیان، وەك مافی خوێندن و تەندروستی | 1.93 | 0.85 | 43.83% | 48.21% | هاوڕانیم | 8 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | و بەشداری کۆمەڵایەتیی. | | | | | | |
| Y1.7 | سیستەمی تەندروستیی دەوڵەت دەتوانێ، زۆر کارا و لێهاتووانە، مامەڵە لەگەڵ پەتا و قەیرانە تەندروستییەکان بکات، بە شێوەیەك تەندروستی هاوڵاتیانی پاراستووە. | 2.30 | 0.94 | 40.86% | 57.38% | هاوڕانیم | 5 |
| Y1.8 | حکومەت هەمیشە دەرمان و پێداویستی بنەڕەتی تەندروستی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان لە سەرجەم ناوچەکان فەراهەم کردووە. | 2.40 | 0.94 | **39.08%** | 59.92% | هاوڕانیم | 2 |
| Y1.9 | سیاسەتی گشتیی تەندروستی زۆر چالاکە لە پاراستن و بەهێزکردنی تەندروستی تاکەکان، بە بەرنامەی خۆراکپێدان و چاودێریکردنی تەندروستی سەرەتاییشەوە. | 2.13 | 0.90 | 42.11% | 53.33% | هاوڕانیم | 6 |
| Y1 | ئاماژەی گشتی | 2.21 | 0.55 | 24.99% | 55.22% | هاوڕانیم | |

- بەڵام سەبارەت بە هاوکۆلکەی جیاوازی، دەرکەوتوە کە بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (٣٩,٠٨%) بۆ برگەی (Y1.8) کە دەڵێ (**حکومەت هەمیشە دەرمان و پێداویستی بنەڕەتی تەندروستی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان لە سەرجەم ناوچەکان فەراهەم کردووە**)، بە شێوەیەك پلەی بۆچوونەکان گونجاوتر و لێکنزیکترن. بەڵام سەبارەت بە برگەی (Y1.4) کە دەڵێ (**زۆر بوونی پارتە سیاسییەکان لە هەرێم بووەتە هۆی لاوازی ومەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی**)، بەهای هاوکۆلکەکەی بریتییە لە (٤٧,٣٠%)، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلەی بۆچوونەکان جیاوازی و لێکدوورترە، بە مانایەکی دیکە، یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو برگەیە ڕای جیاوازیان هەیە، واتە پلەی بۆچوونەکانیان، بەراورد بە برگەکانی دیکە، پەرت و جۆراوجۆرە.

**ڕەهەندی "ژینگەیی"**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی (٥٠)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند نەکردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوەش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (١,٧٠) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٤٢,٤٥%). ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەکانی ئەو ڕەهەندە فەراهەم نین، ئەوەش بە پشت بەستن بەو شەش بڕگەیەی کە ئەم ڕەهەندەی پێوانە کردووە، هەڵبەت لە ڕوانگەی یەکەکانی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیەوە.
- سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Y2.5) کە دەڵێ **(حکومەتی هەرێم کاردەکات بۆ پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکانی ئاو)**، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (١,٩٤) و ڕێژەی هاوڕایی (٤٨,٣٨%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە بڕگەی (Y2.6) کەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ **(پێویستە حکومەت سوود لە وزەی بەدیل و سەلامەت وەبگرێت)** بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (١,٨٨)، (٤٧,٠٤%). وەك دەزانین ئاستی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو شەش بڕگەیە بەڵگەیە لەسەر ناهاوڕایی ئەوان سەبارەت بە ئەو چەمك و بۆچوونانەی کە تێیدایە.

**خشتەی (٥٠)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "ژینگەیی"**

| کۆد | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y2.1 | بەڕیوەبردنی سەرچاوە سروشتیەکان بەشێوەیەکی دروست دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی. | 1.75 | 0.77 | **43.69%** | 43.83% | هاوڕانیم | 3 |
| Y2.2 | پاراستن و بەڕیوەبردنی ژینگە ئەرکی سەرەکی حکومەتی هەرێمە | 1.84 | 0.85 | 46.03% | 46.08% | هاوڕانیم | 2 |
| Y2.3 | پێویستە بە یاسا ژینگە بپارێزرێ و زامنی ژینگەیەکی | 1.58 | 0.73 | 46.15% | 39.58% | بەهیچ جۆرێك هاوڕانیم | 4 |


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تەندروست بکرێ | | | | | | |
| Y2.4 | پێویستە حکومەت ستراتیژ و پلانی هەبێت بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانەکانی کەشوهەوا و کارەساتە ژینگەییەکانی وەك لافاو و وشکەساڵی. | 1.54 | 0.68 | 44.21% | 38.46% | بەهیچ جۆرێك هاوڕا نیم | 5 |
| Y2.5 | حکومەتی هەرێم کاردەکات بۆ پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکانی ئاو | 1.94 | 0.93 | <u>48.08%</u> | **<u>48.38%</u>** | هاوڕانیم | 1 |
| Y2.6 | پێویستە حکومەت سوود لە وزەی بەدیل و سەلامەت وەبگرێت. | 1.54 | 0.70 | 45.74% | <u>38.38%</u> | بەهیچ جۆرێك هاوڕا نیم | 6 |
| Y2 | ئاماژەی گشتی | 1.70 | 0.51 | 29.74% | 42.45% | بەهیچ جۆرێك هاوڕا نیم | |

- بەڵام سەبارەت بە هاوکۆلکەی جیاوازی، دەرکەوتوە کە بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (٤٣,٦٩%) بۆ بڕگەی (Y2.1) کە دەڵێ **(بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەکان بەشێوەیەکی دروست دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی)**، بە شێوەیەك پلەی بۆچوونەکان گونجاوتر و لێکنزیکترن. بەڵام سەبارەت بە بڕگەی (Y2.5) کە دەڵێ **(حکومەتی هەرێم کاردەکات بۆ پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکانی ئاو)**، بەهای هاوکۆلکەکەی بریتییە لە (٤٨,٠٨%)، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلەی بۆچوونەکان جیاواز و لێکدوورترە، بە مانایەکی دیکە، یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو بڕگەیە ڕای جیاوازیان هەیە، واتە پلەی بۆچوونەکانیان، بەراورد بە بڕگەکانی دیکە، پەرت و جۆراوجۆرە.

**ڕەهەندی "سەربازی"**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی (٥١)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند نەکردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی

سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوەش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (١,٥٨) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٤٦,٣٧%). کە بە پشت بەستن بەو شەش بڕگەیەی کە ئەم ڕەهەندەی پێوانە کردووە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەکانی ئەو ڕەهەندە فەراهەم نین، هەڵبەت لە ڕوانگەی یەکەکانی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیەوە.

- سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Y3.3) کە دەڵێ (**هێزی ئەمنی کەرەستە و ئامێری مۆدێرنی هەیە و لەو ڕووەوە ئامادەسازترە**
- **و بەهێزترە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڕەشەیەکی سەربازی**)، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (٢,٠٨) و ڕێژەی هاوڕایی (٥١,٨٨%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە بڕگەی (Y3.2) کەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ (**هێزیە ئەمنیەکان دەتوانن سنوری وڵات بپارێزن و هەموو کات سەلامەتی هاوڵاتیانی هەرێم دەستەبەر بکەن**) بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (١,٧٣)، (٤٣,٢١%). وەك دەزانین ئاستی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو پێنج بڕگەیە بەڵگەیە لەسەر ناهاوڕایی ئەوان سەبارەت بە ئەو چەمك و بۆچوونانەی کە تێیدایە.

**خشتەی (٥١)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "ژینگەیی"**

| کۆد | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y3.1 | خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک پۆلیس و فریاکەوتن، بەشدارن لە بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆمەڵگادا | 1.75 | 0.72 | **41.42 %** | 43.67% | بەهیچ جۆرێك هاوڕانیم | 4 |
| Y3.2 | هێزیە ئەمنیەکان دەتوانن سنوری وڵات بپارێزن و هەموو کات سەلامەتی هاوڵاتیانی هەرێم دەستەبەر بکەن. | 1.73 | 0.81 | 46.85 % | 43.21% | بەهیچ جۆرێك هاوڕانیم | 5 |
| Y3. | هێزی ئەمنی | 2.08 | 0.88 | 42.58 | **51.88%** | هاوڕانیم | 1 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | کەرەستە و ئامێری مۆدێرنی هەیە و لەو ڕوووەوە ئامادەسازتر و بەهێزترە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڕەشەیەکی سەربازی. | | | % | | | |
| Y3. 4 | حکومەت پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان هەیە کە بە هۆیەوە توانیویەتی ئاسایشی نەتەوەیی بەهێزتر بکات. | 1.95 | 0.84 | 43.21 % | 48.63% | هاوڕانیم | 2 |
| Y3. 5 | هێزە ئەمنیەکان ئەرکی بەرگری و پشتیوانیکردنی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆدایە لە کاتی لەناکاو و بوونی مەترسی. | 1.78 | 0.76 | 42.71 % | 44.46% | هاوڕانیم | 3 |
| Y3 | ئاماژەی گشتی | 1.85 | 0.58 | 31.47 % | 46.37% | هاوڕانیم | |

- بەڵام سەبارەت بە هاوکۆلکەی جیاوازی، دەرکەوتوە کە بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (٤١,٤٢%) بۆ برگەی (Y3.1) کە دەڵێ (**خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک پۆلیس و فریاکەوتن، بەشدارن لە بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەدا**)، بە شێوەیەك پلەی بۆچوونەکان گونجاوتر و لێکنزیکترن. بەڵام سەبارەت بە برگەی (Y3.2) کە دەڵێ (**هێزیە ئەمنیەکان دەتوانن سنوری وڵات بپارێزن و هەموو کات سەلامەتی هاوڵاتیانی هەرێم دەستەبەر بکەن**)، بەهای هاوکۆلکەکەی بریتییە لە (٤٦,٨٥%)، ئەوش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلەی بۆچوونەکان جیاواز و لێکدوورترە، بە مانایەکی دیکە، یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو برگەیە ڕای جیاوازیان هەیە، واتە پلەی بۆچوونەکانیان، بەراورد بە برگەکانی دیکە، پەرت و جۆراوجۆرە.

**ڕەهەندی "سایبێری"**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی (٥٢)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند نەکردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (٢,٣٠) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٥٧,٤٧%). کە بە پشت بەستن بەو چوار بڕگەیەی کە ئەم ڕەهەندەی پێوانە کردووە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەکانی ئەو ڕەهەندە فەراهەم نین، هەڵبەت لە ڕوانگەی یەکەکانی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیەوە.
- سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Y4.2) کە دەڵێ (**حکومەت سیستەمێکی بەهێزی هەیە بۆ پاراستنی زانیارییەکانی لە هێرشە سیبرانییە ڕاستەوخۆکان**)، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (٢,٣٩) و ڕێژەی هاوڕایی (٥٩,٧٥%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە بڕگەی (Y4.3) کەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ (**هاوڵاتیان ڕاهێنراون بۆ چۆنیەتی پاراستنی خۆیان لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان**) بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (٢,١١)، (٥٢,٧١%). وەك دەزانین ئاستی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو چوار بڕگەیە بەڵگەیە لەسەر ناهاوڕایی ئەوان سەبارەت بە ئەو چەمك و بۆچوونانەی کە تێیدایە.

**خشتەی (٥٢)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "سایبێری"**

| کۆد | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y4.1 | حکومەت ژێرخانێکی سیبرانی بەهێزی هەیە کە دەتوانێ داتا و زانیارییە گرنگەکان لە هێرشی ئەلیکترۆنی بپارێزێ. | 2.38 | 0.93 | 38.99% | 59.46% | هاورا نیم | 2 |
| Y4. | حکومەت | 2.39 | 0.91 | **38.10%** | **59.75%** | هاورا | 1 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 | سیستەمێکی بەهێزی هەیە بۆ پاراستنی زانیارییەکانی لە هێرشە سیبرانییە ڕاستەوخۆکان.. | | | | | نیم | |
| Y4.3 | هاوڵاتیان ڕاهێنراون بۆ چۆنیەتی پاراستنی خۆیان لە هێرشە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان. | 2.11 | 0.95 | 45.20% | 52.71% | هاورا نیم | 4 |
| Y4.4 | هێزی ئەمنی ڕاهێنانیان کردوە لە بواری پاراستنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی وەڵات. | 2.32 | 0.92 | 39.50% | 57.96% | هاورا نیم | 3 |
| Y4 | ئاماژەی گشتی | 2.30 | 0.70 | 30.41% | 57.47% | هاورا نیم | |

- بەڵام سەبارەت بە هاوکۆلکەی جیاوازی، دەرکەوتوە کە بەهاکەی دەکەوێتە نێوان (٣٨,١٠%) بۆ برگەی (Y4.2) کە دەڵێ **(حکومەت سیستەمێکی بەهێزی هەیە بۆ پاراستنی زانیارییەکانی لە هێرشە سیبرانییە ڕاستەوخۆکان)**، بە شێوەیەك پلەی بۆچوونەکان گونجاوتر و لێکنزیکترن. بەڵام سەبارەت بە برگەی (Y4.3) کە دەڵێ **(هاوڵاتیان ڕاهێنراون بۆ چۆنیەتی پاراستنی خۆیان لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان)**، بەهای هاوکۆلکەکەی بریتییە لە (٤٥,٢٠%)، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پلەی بۆچوونەکان جیاواز و لێکدوورترە، بە مانایەکی دیکە، یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو برگەیە ڕای جیاوازیان هەیە، واتە پلەی بۆچوونەکانیان، بەراورد بە برگەکانی دیکە، پەرت و جۆراوجۆرە.

**ڕەهەندی "ئابووری"**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی (٥٣)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە برگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند نەکردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی

سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوەش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (١,٨٧) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٤٦,٨٢%). کە بە پشت بەستن بەو چوار بڕگەیەی کە ئەم ڕەهەندەی پێوانە کردووە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەکانی ئەو ڕەهەندە فەراهەم نین، هەڵبەت لە ڕوانگەی یەکەکانی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیەوە.

- سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Y5.2) کە دەڵێ (**حکومەت دةتوانی دەرفەرتی کار بۆ توێژەکانی کۆمەڵگە فەراهەم بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ناڕەزامەندی**)، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (٢,٠٣) و ڕێژەی هاوڕایی (٥٠,٧١%)، لە ڕووی هاوڕاییەوە پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها دەرکەوتووە کە ئەو بڕگەیە زۆر هاوڕایی لەبارەوە هەبووە، ئەوەش بە پشت بەستن بە هاوکۆلکەی جیاوازی بە ڕێژەی (٤٣,٥١%). هەروەها دەرکەوتووە کە بڕگەی (Y5.3) کەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ (**قەیرانی ئابووری مەترسیەکی جدییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی**) بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (١,٦٥)، (٤١,٣٣%). هەروەها دەرکەوتووە کە ئەو ڕاوبۆچوونی جیاواز و هەمەجۆر لەبارەی بڕگەیەوە، بە جۆرێکی بەهای هاوکۆلکەی جیاوازی گەیشتووەتە (٤٨,٥٥%). وەك دەزانین ئاستی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو چوار بڕگەیە بەڵگەیە لەسەر ناهاوڕایی ئەوان سەبارەت بە ئەو چەمك و بۆچوونانەی کە تێیدایە.

**خشتەی (٥٣)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "ئابووری"**

| کۆد | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بەگوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y5.1 | بەهێزبوونی ئابووری نیشتیمانی و دروستکردنی ژێرخانی ئابووری لە هەرێم سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرهەم دێنی | 1.75 | 0.84 | 48.21% | 43.62% | بەهیچ جۆرێك هاوڕا نیم | 4 |
| Y5.2 | حکومەت دةتوانی دەرفەرتی کار بۆ توێژەکانی کۆمەڵگە فەراهەم بکات، | 2.03 | 0.88 | 43.51% | 50.71% | هاوڕا نیم | 1 |



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەمەش دەبێتە هۆی نارەزامەندی | | | | | | |
| Y5.3 | قەیرانی ئابووری مەترسیەکی جدییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی | 1.65 | 0.80 | <u>48.55%</u> | <u>41.33%</u> | بەهیچ جۆرێك هاوڕا نیم | 5 |
| Y5.4 | حکومەت دەتوانێ کەلێنی ئابووری نێوان توێژە کۆمەڵایەتییەکان کەم بکاتەوە و داپەروەری کۆمەڵایەتیی و ئابووریی بەدی بهێنێ. | 2.00 | 0.93 | 46.60% | 50.08% | هاوڕا نیم | 2 |
| Y5.5 | ستراتیژگەلی بەهێز هەن بۆ پشتیوانیکردنی ئابووری نیشتمانیی، وەك سیاسەتی ڕوو لە وەبەرهێنان و بەهێزکردنی داهێنان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتیی. ئەمەش گەشەی بەردەوام دێنێتە کایەوە. | 1.93 | 0.88 | 45.39% | 48.33% | هاوڕا نیم | 3 |
| Y5 | ئاماژەی گشتی | 1.87 | 0.54 | 29.04% | 46.82% | هاوڕا نیم | |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

**ڕەهەندی "کۆمەڵایەتی":**

لە میانەی شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی (٥٤)، توێژەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە؛

- سەبارەت بە بڕگەکانی ڕەهەندی ناوبراو و بە پشت بە ئاماژەی گشتی، دەرکەوتووە ئاستی بۆچوونی یەکەکانی توێژینەوە، بە ئاراستەی پەسەند نەکردندایە، واتە ئاستی هاوڕایی سەبارەت بە بڕگەکان نزمە، ئەوەش بە پشت بەستن بە بەهای ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو کە دەگاتە (١,٨٥) و بە ڕێژەی هاوڕایی (٤٦,٣٤%). کە بە پشت بەستن بەو چوار بڕگەیەی کە ئەم ڕەهەندەی پێوانە کردووە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاماژەکانی ئەو ڕەهەندە فەراهەم نین، هەڵبەت لە ڕوانگەی یەکەکانی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیەوە.
- سەبارەت بە بڕگە تاکەکانیش، دەرکەوتووە کە بەرزترین پلەی هاوڕایی بریتییە لە بڕگەی (Y6.4) کە دەڵێ (**زۆربوونی ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگەدا، مەترسی دەبێ بۆ پاراستنی سیستەمی گشتیی و لاواز کردنی تەونی کۆمەڵایەتی**)، بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو بە ڕادەی (٢,٠٦) و ڕێژەی هاوڕایی (٥١,٣٨%)، هەروەها دەرکەوتووە کە بڕگەی (Y6.1) کەمترین پلەی هاوڕاییە و دەڵێ (**قەیرانی ئابووری مەترسیەکی جدییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی**) بە ناوەندی ژمێرەیی سەنگکراو و ڕێژەی هاوڕایی بە بەهای (١,٦٧)، (٤١,٧٥%). هەروەها دەرکەوتووە کە ڕاوبۆچوونەکان سەبارەت بە بڕگەیە زۆر گونجاوە و کەمتر پەرت و بڵاو و هەمەجۆرە. بە جۆرێك بەهای هاوکۆلکەی جیاوازی گەیشتووەتە (٤٢,٨٤%). وەك دەزانین ئاستی ڕای یەکەکانی توێژینەوە سەبارەت بەو چوار بڕگەیە بەڵگەیە لەسەر ناهاوڕایی ئەوان سەبارەت بە ئەو چەمك و بۆچوونانەی کە تێیدایە. هەروەها سەرنجی ئەوەش دراوە کە ڕا و بۆچوونەکان سەبارەت بە بڕگەی (Y6.3) کە دەڵێ: (**بوونی ئاوارە و پەنابەران و کەسانی بیانی لە هەرێمی کوردستان مەترسیان نیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی**)، زۆر لێکدوور و نەگونجاون. بە مانایەکی دیکە، یەکەکانی توێژینەوە هاوڕانین سەبارەت بە ناوەرۆکی ئەو بڕگەیە و ناکرێ بە جۆرێك لە جۆرەکان پشت بە بۆچوونەکانیان ببەستین.

**خشتەی (٥٤)؛ خستنەڕووی ڕەهەندی "کۆمەڵایەتی"**

| کۆد | بڕگەکان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جیاوازی | ئاستی پەسەندکردن | ئاراستەی بڕگە | پلەبەندی بە گوێرەی گرنگی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y6.1 | زۆربوونی ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگەدا، مەترسی دەبێ بۆ پاراستنی سیستەمی گشتیی و لاواز کردنی تەونی کۆمەڵایەتی. | 1.67 | 0.72 | 42.84 % | 41.75% | بەهیچ جۆرێك هاوڕا نیم | 4 |

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y6.2 | دیاردەی کۆچکردنی گەنجان و ژیانکردن لە دەرەوەی وڵات مەترسیان نیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و بە ئامانجگرتنیان لە لایەن وڵاتانی ترەوە. | 1.76 | 0.79 | 44.70 % | 43.96% | هاوڕا نیم | 3 |
| Y6.3 | بونی ئاوارە و پەنابەران و کەسانی بیانی لە هەرێمی کوردستان مەترسیان نیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی. | 1.93 | 0.92 | 47.40 % | 48.29% | هاوڕا نیم | 2 |
| Y6.4 | وڵاتانی تر لە رێگەی نێردە و ئاژانس و رێکخراو و دامەزراوە خێرخوازییەوەکانە وە کاریگەری ئەرێني لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکەن | 2.06 | 0.90 | 43.61 % | **51.38%** | هاوڕا نیم | 1 |
| Y6 | ئامازەی گشتی | 1.85 | 0.58 | 31.46 % | 46.34% | هاوڕا نیم | |

بە مەبەستی تاقیکردنەوەی ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە، توێژەر شێوەی مۆدێلینگی هاوکێشەی بونیادی "SEM"ی بەکارهێناوە بە بەکارهێنانی بەرنامەی شیکردنەوەی ئاماری (AMOS V.24)، ئەو شێوازە بە تەکنیکێکی ئاماری هەمەلایەن و گشتگیر لەقەڵەم دەدرێ، کە لە پەیوەندی نێوان گۆڕاوە بیناو و شاراوەکان دەکۆڵێتەوە. هەروەها لە پێناو تاقیکردنەوەی (گۆڕاوی و **"پێگەیاندنی سیاسی"** کاریگەرییەکی مەعنەویان بەسەر گۆڕاوی **"ئاسایشی نەتەوەیی"**یەوە هەیە)، جا بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی ناو خشتەی (٦٢) و شێوەی (٣٤) کە مۆدێلینگی پەیکەری هاوکۆلکەی کاریگەری هەردوو گۆڕاوی **"پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی"** و **پێگەیاندنی سیاسی"** بەسەر **"ئاسایشی نەتەوەیی**ەوە" دەردەخەن و بەهای خەمڵاندنی پێوەریی ئاراستەکان دەخەنەڕوو؛

دەرکەوتوە کە گۆڕاوی ""**پێگەیاندنی سیاسی**" کاریگەریان بەسەر گۆڕاوی "**ئاسایشی نەتەوەیی**"یەوە هەیە و کاریگەرییەکەش دەلالەتی ئاماری هەیە، ئەوش بەپشت بەستن بە ئاستی دەلالەتی ئاماری ئاراستەی کاریگەری هەردوو گۆڕاوەکە بەسەر "**ئاسایشی نەتەوەیی**"یەوە بە ڕێژەی (٠,٠٠٠)، (٠,٠٠٧) دوابەدواییەك، یا بە پشت بەستن بە ڕێژەی سەنگگراوی کە ڕێژەکەی دەگاتە (٥,٤٧٠) و (٢,٧١٢) بۆ هەر یەك لەو دوو ئاراستەیە دوابەدواییەك، کە ئەوانە گەورەترن لە ڕیژەی سەنگگراویی گریمانەکراوی ئەم توێژینەوەیە کە بریتییە لە (١,٩٦) لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥).

بەڵام سەبارەت بە کێشی لاری پێوەری کە دەگاتە (٠,٥٧٨)، (٠,٢٦٢) بۆ هەر یەك لەو دوو ئاراستەیە دوابەدواییەك. ئەوش مانای ئەوەیە کە ئاستی "**ئاسایشی نەتەوەیی**" لە دۆخی گرنگیدان بە ئاستەکانی دۆخی "**پێگەیاندنی سیاسی**" ئاستی "**ئاسایشی نەتەوەیی**" بە ڕێژەی (٢٦,٢%) زیادی کردووە، هەروەها دەرکەوتووە کە "**پێگەیاندنی سیاسی**" دەتوانێ ئەو گۆڕانکاریانە ڕاڤە بکەن کە بە ڕێژەی (٦٥,٤%) بەسەر "**ئاسایشی نەتەوەیی**دا" هاتووە، ئەوەیشی ماوەتەوە و بریتییە لە (٣٤,٦%) دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوەکانی دیکە کە کاریگەریان بەسەر "**ئاسایشی نەتەوەیی**"یەوە هەیە و لە نموونەی توێژینەوەکەدا نین.

**دەرئەنجامە سەرەکییەکان**

لەم توێژینەوەیەدا، دەرئەنجامە سەرەکییەکان لەسەر ئاستی جیاوازی ڕۆڵی دامەزراوەکان لە پێگەیاندنی سیاسی و دۆخی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی وەڵامدەرانی نموونەی توێژینەوەکەوە دەستنیشان کراون:

١. **ڕۆڵی فاکتەری کۆمەڵایەتی بەرزە:** ڕەهەندی "فاکتەری کۆمەڵگەیی" بە گشتی بەرزترین ئاستی هاوڕایی (٦٥,١٤%) و ناوەندی ژمێرەیی (٢,٦١)ی هەیە لەناو ڕەهەندەکانی پێگەیاندنی سیاسی، بەتایبەت لە خاڵی ( Z3.3)کە باس لە بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن دەکات (٧١,٧٩%).

٢. **پارتی سیاسی ڕۆڵێکی نزم دەبینن:** ڕەهەندی "پارتە سیاسییەکان" بە ئاستێکی تاڕادەیەک نزم (ناوەندی گشتی ٢,٤٧ و ڕێژەی هاوڕایی ٦١,٧٩%) لەلایەن وەڵامدەرانەوە پەسەند کراوە، کە بە ئاراستەی پەسەندنەکردندایە.

٣. خێزان و دامەزراوە ئایینییەکان کاریگەری سیاسی نزمیان هەیە: هەردوو ڕەهەندی "خێزان" (ناوەندی گشتی ٢,١٣ و هاوڕایی ٥٣,٣٤%) و "دامەزراوە ئایینیەکان"


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد /١٦ العدد ٥

(ناوەندی گشتی ٢,١٦ و هاوڕایی ٥٤,٠٤%) ئاماژەیەکی گشتیی نزم و ناهاوڕاییان دەستنیشان کردووە، کە نیشانەی فەراهەم نەبوونی ئاماژەکانی ئەم دوو ڕەهەندەیە لە ڕوانگەی بەشداربووانەوە.

٤. **کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری جیاوازیان هەیە:** ڕەهەندی "ئامرازەکانی ڕاگەیاندن" ئاستی هاوڕایی گشتی نزمی (٢,٣١) هەیە و بە ئاراستەی پەسەندنەکردندایە، بەڵام خاڵی "سۆشیاڵ میدیا" (Z4.1) بە بەرزترین پلەی هاوڕایی (٦٦,٧٥%) نیشانەی کاریگەرییەکی دیاریکراوی سۆشیاڵ میدیا لە بەرزکردنەوەی هەستی سیاسی دەدات.

٥. پەروەردە و ڕۆڵی مامۆستا: ڕەهەندی "پەروەردە" ئاستی هاوڕایی گشتی نزمی (٢,٣٦ و ٥٩,٠٧%) تۆمارکردووە، بەڵام خاڵی ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی (Z5.3) بەرزترین ئاستی وەرگرتووە (٦٥,٨٣%).

٦. **ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بە گشتی ناپەسەندن:** ئاماژەی گشتیی هەموو ڕەهەندەکانی تەوەری ئاسایشی نەتەوەیی ("سیاسیی"، "ژینگەیی"، "سەربازی") بە ئاراستەی پەسەند نەکردن و نزمیی ئاستی هاوڕاییە (٥٥,٢٢% بۆ سیاسی، ٤٢,٤٥% بۆ ژینگەیی، ٤٦,٣٧% بۆ سەربازی).

٧. **کەمبوونەوەی متمانە بە دامەزراوە سیاسی و ئەمنییەکان:** بەرزترین ئاستی پەسەند نەکردنی تەوەرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕەهەندی "ژینگەیی" (٤٢,٤٥% هاوڕایی گشتی) و "سەربازی" (٤٦,٣٧% هاوڕایی گشتی) دەردەکەوێت، بەتایبەت لە خاڵەکانی پەیوەست بە پاراستنی سنور و دەستەبەرکردنی سەلامەتی هاوڵاتیان (Y3.2 و ستراتیژی ژینگە (Y2.4 و .Y2.6).

## پێشنیازەکان

١. **بەهێزکردنی ڕۆڵی دامەزراوە گشتییەکان لە پێگەیاندنی سیاسی:** پێویستە دامەزراوە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان پرۆگرام و چالاکییە سیاسیی و نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر جێبەجێ بکەن، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری و بەشداری سیاسی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

٢. **چاکسازی لە دۆخی سیاسی و بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی:** پێویستە حکومەت چاکسازی ڕیشەیی لە سیستەمی سیاسی، تەندروستی و ئەمنی ئەنجام بدات بۆ وەڵامدانەوەی بۆچوونی ناهاوڕای خەڵک، بەتایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.

٣. **چارەسەرکردنی پرسی ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان:** لەبەر نزمی ئاستی پەسەندکردن بۆ ڕەهەندی ژینگەیی، پێویستە پلانی درێژخایەنی حکومی دابنرێت بۆ پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان و بەکارهێنانی وزەی پاک و ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا.

٤. **ڕێکخستنەوەی کاری میدیایی و سۆشیاڵ میدیا:** پێویستە ستراتیژێکی نیشتمانی دابنرێت بۆ ڕێکخستنی کاری میدیایی و سۆشیاڵ میدیا، بە شێوەیەک ڕۆڵی گەشەپێدانی سیاسی بەهێز بکرێت و ڕێگە لەو بڵاوکراوانە بگیرێت کە دەبنە هۆی تێکچوونی یەکڕیزی و ناسەقامگیری سیاسی، بە تایبەت کە ڕای جیاواز لەسەر ئەم خاڵە هەیە.

**ڕاسپاردەکان**

١. **توێژینەوەی زیاتر لەسەر ڕۆڵی پارتی سیاسی و خێزان:** توێژەر پێویستە لێکۆڵینەوەی قووڵتر ئەنجام بدات بۆ زانینی هۆکارەکانی ناڕازیبوونی هاوڵاتیان لەسەر ڕۆڵی پارتی سیاسی و خێزان لە پێگەیاندنی سیاسی، لەوانەیە پێویست بکات میتۆدێکی چۆنایەتی بەکار بهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارە شاراوەکان.

٢. **بنیاتنانی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی بە شێوەیەکی فراوانتر:** پێویستە کار بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاوڵاتیان لەسەر گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕەهەندە جیاوازەکانیدا (ژینگەیی، ئابووری، سایبێری، هتد) نەک تەنها ڕەهەندی سەربازی، لە ڕێگەی کەمپەین و پرۆگرامی نیشتمانییەوە.

٣. **زیادکردنی کاریگەری دامەزراوە پەروەردەییەکان:** وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن بەو شێوەیە دەوڵەمەند بکەن کە بەهای دیموکراسی، یەکتر قبووڵکردن و بەشداری سیاسی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ و بێلایەنانە فێری قوتابیان بکەن.

٤. **پێداچوونەوە بە گوتاری دامەزراوە ئایینییەکان:** پێویستە ڕێکخستنێکی دروست بۆ گوتاری دامەزراوە ئایینییەکان بکرێت، بە شێوەیەک کە ڕۆڵی ئەرێنییان لە برەودان بە یەکڕیزی نەتەوەیی و تێگەیشتنی سیاسی بە شێوەیەکی سازگارانە زیاتر بێت، لەبەر ئەوەی بەشداربووان هاوڕانین لەسەر ڕۆڵی سیاسییان.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**سەرچاوەکان:**

سەرچاوە کوردییەکان:
١. دری، سالار تحسین، (٢٠١٩)، ئاسایشی کۆمەڵایەتی (تاك، خێزان، کۆمەڵگە)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢. ساڵح، نەجات قادر، (٢٠٢١)، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چاپخانەی ماد.
٣. قادر، پەروێز ڕەحیم، (٢٠٢٠)، ئاسایشی نەتەوەیی لە چوارچێوەی تیۆری کۆنستراکتیڤیزم، پرسی ناسنامەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە نموونە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی یاسا و رامیاری.
٤. قادر، پەروێز ڕەحیم، (٢٠٢٠)، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە، چاپخانەی ماد، تاران.
٥. ئاکرەیی، نەجدەت، (٢٠٢٢)، ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی، چاپخانەی دانیشفەر.

سەرچاوە عەرەبییەکان:
١. احمد، صبيح عبد المنعم، (٢٠٠٩)، الضبط الاجتماعي، مركز البحوث والدراسات، بغداد.
٢. احمد، صلاح احمد، (٢٠٢٠)، أثر التنشئة السياسية في انتماءات البارتية، مجلة كلية القانون والسياسة، المجلد (٩)، العدد (٣٣).
٣. احمد، فاروق يوسف، (١٩٧٦)، دراسات في علم الاجتماع السياسي، القاهرة، مطبعة السنة المحمدية.
٤. إسماعيل، محمود حسن، (١٩٩٧)، التنشئة السياسية دراسة في دور الاخبار التلفزيون، دار النشر الجامعات.
٥. براهيم، زروقي، (٢٠١٣)، الامن القومي العربي دراسة في المفهوم، الابعاد، المرتكزات، مجلة أنثروبولوجية الأديان، مجلة رقم (٩)، العدد (٢).
٦. البرواري، محمد سعيد ملا حسين، (٢٠٠٧)، دور التعليم الجامعي في التنشئة السياسيه - دراسه ميدانيه في جامعه دهوك، مگبعه حجى هاشم، أربيل.
٧. بكار،عبد الكريم، (٢٠٠٠)، تجديد الوعي، ط١، دار القلم و دار الشامية.
٨. بوستى، توفيق، (٢٠١٩)، مدرسة كوبنهاغن نحو توسيع وتعميق مفهوم الأمن، المعهد المصري للدراسات.
٩. الحيالي، عبد لامير عباس، (٢٠٢١)، التنشئة السياسية وأثرها على سلوك لانتخابي، مجلة ديالى، العدد السابع والثمانون. مجلة ديالى، عدد السابع والثمانون، جامعة ديالى.
١٠. دخيل، محمد حسن، (٢٠١٧)، علم الاجتماع السياسي، دار السنهوري القانونية والعلوم السياسية، بيروت، لبنان.
١١. الدوري، حازم مجيد احمد، (٢٠١٣)، الهوية الوطنية مقابل الهوية الفرعية، مجلة كلية التربية الأساسية/جامعة بابل، كانون الأول، العدد ١٤.
١٢. الزيدي، رشيد عمارة ياس و سلام، هيمن رووف، (٢٠١٩)، الامن المجتمعي وفقا لطروحات مدرسة كوبنهاغن، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، مجلد (الخامس)، العدد (الثاني).

١٣. سالم، رعد حافظ، التنشئة الاجتماعية وأثرها على السلوك السياسي، دار وائل للنشر، عمان، الأردن.
١٤. السعيدي، سعد عبيد علوان و الفيلي، رياض فاضل محمد، (٢٠٢٣)، دراسة نظرية في الابعاد والاهداف والمرتكزات، مجلة المعهد، العدد (١٥).
١٥. صبحي، أنس أكرم محمد، (٢٠٢٠)، الامن الإنساني وأثره في الامن الوطني العراقي، مجلة المهد، العدد (٢)
١٦. صلاح، عمرو، (٢٠١٧)، الوطنية الحديثة، بناء الهوية في المجتمعات التكنولوجية ... سنغافورا نوذجا، مركز مستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة، أبو ظبي.
١٧. الطبيب، مولود زايد، (٢٠٠١)، التنشئة السياسية ودورها في تنمية المجتمع، عمان، المؤسسة العربية الدولية للنشر.
١٨. الطبيب، مولود زايد، (٢٠٠١)، التنشئة السياسية ودورها في تنمية المجتمع، عمان، المؤسسة العربية الدولية للنشر.
١٩. طشطوش، هايل عبد المولى، (٢٠١٢)، الامن الوطني و عناصر قوة الدولة في ظل النظام العالمي الجديد، دار و مكتبة الحامد للنشر والتوزيع، عمان.
٢٠. عامر، طارق عبد الرؤوف، (٢٠١٢)، المواطنة والتربية الوطنية اتجاهات عالمية عربية، مؤسسة طيبة لنشر والتوزيع، القاهرة.
٢١. عبيد، أشرف محمد، (٢٠١٦)، قضية الهوية الوطنية في الخطاب السياسي السوداني، دراسة تحليلية للخطاب الرسمي والمعارض منذ ١٩٩٩، المكتبة العربي للمعارف، القاهرة.
٢٢. فؤاد، زرف، (٢٠٢١)، التنشئة السياسية وتشكيل العقل السياسى في المجتمع، قسم علم الاجتماع والديمغرافيا، الجزائر.
٢٣. القريشي، بهاء عبد الكريم طاهر، البياتي، فراس عبد الكريم محمد علي، (٢٠٢٢)، التنشئة الاجتماعية السياسية وبناء دولة المؤسسات في العراق بعد عام ٢٠٠٥، مجلة نسق، مجلد (٣٦)، عدد (٧).
٢٤. قوجيلي، سيد احمد، (٢٠١٤)، الدراسات الأمنية النقدية (مقاربة جديدة لاعادة تعريف الامن)، المركز العلمي للدراسات السياسية، عمان.
٢٥. المصرى، هشام، (٢٠١٩)، الامن المعلوماتي، احد الاعمدة الرئيسية للامن القومي (اختراقه - احتوائه)، ط١، مكتبة الوفاء القانونية، الإسكندرية، مصر.
٢٦. المنوفي، كمال، (١٩٧٩)، التنشئة السياسية في الادب السياسي، الكويت، مجلة العلوم الاجتماعية، العدد (٤)، السنة السادسة.
٢٧. النور، رحموني فاتح، (٢٠٢٢)، تأثير الإرهاب على الحوارات الأمنية في منطقة المتوسط منذ نهاية الحرب الباردة، دار الفا للوثائق، عمان، الأردن.
٢٨. الهاشمي، حميد، نظرية الهوية الاجتماعية وتطبيقها على الأقليات المهاجرة الى البلدان الغربية. مجلة دراسات، اتحاد كتاب وأدباء، الامارات، العدد ٢٢-٢٣.
٢٩. هلال، على الدين، (١٩٨٤)، الامن القومي العربي، دراسة في الأصول، مجلة شؤون عربية، العدد (٣٥)، تونس.

٣٠. الهنداوي، انعام لفتة و الربيعي، مديحة نصيف، (٢٠١٩)، مفاهيم علم النفس السياسي، ط١، مكتبة عدنان للطباعة والنشر، بغداد.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1. Asmorojati, A. W. and Risti, A. V. (2018) Nationalism Understanding: Citizens' National Consciousness. *Annual Civic Education Conference (ACEC 2018), Advances in Social Science, Education and Humanities Research*, pp. 696–701.
2. Clemente, J. G. (2021) *Instructional Guide for Teachers Understanding Culture, Society & Politics Module 15: National Consciousness*. [Online] Available at: https://sibika.ph/wp-content/uploads/2021/07/Module-15_National-Consciousness.pdf (Accessed: 7 December 2025).
3. hyman, h. (1959) *political socialization, a study in the psychology of political behavior*. new ork: free press of glencoe.
4. Maksoud, B. M. M. A. and Tohame, H. M. (2010) POLITICAL SOCIALIZATION AND ITS EFFECT ON POLITICAL PARTICIPATION OF MATROUH BEDWIN. *J. Agric. Econom. and Social Sci., Mansoura Univ.*, 1 (12), pp. 1069–1085.
5. Redkina, A. (2016) Interdisciplinary approach to the study of national consciousness phenomenon. *International Letters of Social and Humanistic Sciences*, 69, pp. 23–29.

سەرچاوەی فارسی:

١. احمدی، حمید، (١٣٩٠)، بنيادهای هويت ملی ايرانی، تهران، مطالعات فرهنگی و اجتماعی.
٢. محمدی، عبدالرضا شاه، (٢٠١١)، بررسی نقش رسانه ها در امنيت ملی، ٤٤ \ مطالعات رسانەای، سال ششم، شماره چهاردهم، پاييز ١٣٩٠، دانشگاه ازاد اسلامی واحد تهران مرکزی.

Sources:

Kurdish Sources:

١. Dri, Salar Tahsin, (2019), Social Security (Individual, Family, Society), Rojhelat Printing House, Erbil.

٢. Saleh, Najat Qadir, (2021), US National Security in the Middle East, Mad Printing House.

.٣Qadir, Parviz Rahim, (2020), National Security in the Context of Constructivism Theory, The Identity Issue of the Islamic Republic of Iran as an Example, Salahaddin University, College of Law and Politics.
.٤Qadir, Parviz Rahim, (2020), National Security and Identity, Mad Printing House, Tehran.
.٥Akreyi, Najdat, (2022), National Security and its Dimensions, Danishfar Printing House.

Arabic sources:
.١Ahmed, Subhi Abdul-Munim, (2009), Social Control, Research and Studies Center, Baghdad.

.٢Ahmed, Salah Ahmed, (2020), The Impact of Political Socialization on Party Affiliations, Journal of the College of Law and Politics, Volume (9), Issue (33.(

.٣Ahmed, Farouk Youssef, (1976), Studies in Political Sociology, Cairo, Al-Sunnah Al-Muhammadiyya Press.

.٤Ismail, Mahmoud Hassan, (1997), Political Socialization: A Study of the Role of Television News, University Publishing House.

.٥Ibrahim, Zarrouki, (2013), Arab National Security: A Study of the Concept, Dimensions, and Foundations, Journal of Anthropology of Religions, Issue No. (9), Issue (2). 6. Al-Barwari, Muhammad Saeed Mulla Hussein, (2007), The Role of University Education in Political Socialization - A Field Study at the University of Duhok, Haji Hashim Press, Erbil.

.٧Bakkar, Abdul Karim, (2000), Renewing Awareness, 1st ed., Dar Al-Qalam and Dar Al-Shamiyah.

.٨Busti, Tawfiq, (2019), The Copenhagen School: Towards Expanding and Deepening the Concept of Security, Egyptian Institute for Studies.

.٩Al-Hayali, Abdul Amir Abbas, (2021), Political Socialization and its Impact on Electoral Behavior, Diyala Journal, Issue 87, University of Diyala.

.١٠Dakhil, Muhammad Hassan, (2017), Political Sociology, Al-Sanhuri House for Legal and Political Sciences, Beirut, Lebanon.

.١١Al-Douri, Hazem Majeed Ahmed, (2013), National Identity vs. Sub-Identity, Journal of the College of Basic Education/University of Babylon, December, Issue 14.

.١٢Al-Zaydi, Rashid Amara Yass and Salam, Heman Raouf, (2019), Community Security According to the Copenhagen School of Thought, Journal of Political and Security Studies, Volume (5), Issue (2.(

.١٣Salem, Raad Hafez, Socialization and its Impact on Political Behavior, Dar Wael Publishing, Amman, Jordan.

.١٤Al-Saidi, Saad Obaid Alwan and Al-Faily, Riyadh Fadhil Mohammed, (2023), A Theoretical Study of Dimensions, Objectives, and Foundations, Institute Journal, Issue (15.(

.١٥Subhi, Anas Akram Muhammad, (2020), Human Security and its Impact on Iraqi National Security, Al-Mahd Journal, Issue (2(

.١٦Salah, Amr, (2017), Modern Nationalism: Building Identity in Technological Societies... Singapore as a Model, Mustaqbal Center for Advanced Research and Studies, Abu Dhabi.

.١٧Al-Tabib, Mawloud Zayed, (2001), Political Socialization and its Role in Community Development, Amman, Arab International Publishing Foundation.

.١٨Al-Tabib, Mawloud Zayed, (2001), Political Socialization and its Role in Community Development, Amman, Arab International Publishing Foundation.

.١٩Tashtoush, Hayel Abdul-Mawla, (2012), National Security and the Elements of State Power in Light of the New World Order, Dar Al-Hamid Library for Publishing and Distribution, Amman.

.٢٠Amer, Tariq Abdul-Raouf, (2012), Citizenship and National Education: Arab Global Trends, Tayba Foundation for Publishing and Distribution, Cairo. 21. Obeid, Ashraf Mohamed, (2016), The Issue of National Identity in Sudanese Political Discourse: An Analytical Study of Official and Opposition Discourse Since 1999, Arab Library for Knowledge, Cairo.

.٢٢Fouad, Zarf, (2021), Political Socialization and the Formation of the Political Mind in Society, Department of Sociology and Demography, Algeria.

.٢٣Al-Quraishi, Bahaa Abdel-Karim Taher, and Al-Bayati, Firas Abdel-Karim Mohamed Ali, (2022), Political Socialization and the Building of a State of Institutions in Iraq After 2005, Nasq Journal, Volume (36), Issue (7.(

.٢٤Qoujili, Sayed Ahmed, (2014), Critical Security Studies (A New Approach to Redefining Security), Scientific Center for Political Studies, Amman.

.٢٥Al-Masri, Hisham, (2019), Information Security: One of the Main Pillars of National Security (Penetration - Containment), 1st Edition, Al-Wafaa Legal Library, Alexandria, Egypt.

.٢٦Al-Manoufi, Kamal, (1979), Political Socialization in Political Literature, Kuwait, Journal of Social Sciences, Issue (4), Year 6.

.٢٧Al-Nour, Rahmouni Fateh, (2022), The Impact of Terrorism on Security Dialogues in the Mediterranean Region Since the End of the Cold War, Dar Al-Fa for Documents, Amman, Jordan.

.٢٨Al-Hashemi, Hamid, The Theory of Social Identity and its Application to Immigrant Minorities in Western Countries, Studies Journal, Union of Writers and Authors, UAE, Issues 22-23.

.٢٩Hilal, Ali Al-Din, (1984), Arab National Security: A Study in Origins, Arab Affairs Journal, Issue (35), Tunisia.

.٣٠Al-Hindawi, Inam Lafteh and Al-Rubaie, Madiha Nassif, (2019), Concepts of Political Psychology, 1st Edition, Adnan Library for Printing and Publishing, Baghdad.

English sources:

3. Asmorojati, A. W. and Risti, A. V. (2018) Nationalism Understanding: Citizens’ National Consciousness. *Annual Civic Education Conference (ACEC 2018), Advances in Social Science, Education and Humanities Research*, pp. 696–701.

4. Clemente, J. G. (2021) *Instructional Guide for Teachers Understanding Culture, Society & Politics Module 15: National Consciousness*. [Online] Available at: https://sibika.ph/wp-content/uploads/2021/07/Module-15_National-Consciousness.pdf (Accessed: 7 December 2025).
5. hyman, h. (1959) *political socialization, a study in the psychology of political behavior*. new ork: free press of glencoe.
6. Maksoud, B. M. M. A. and Tohame, H. M. (2010) POLITICAL SOCIALIZATION AND ITS EFFECT ON POLITICAL PARTICIPATION OF MATROUH BEDWIN. *J. Agric. Econom. and Social Sci., Mansoura Univ.*, 1 (12), pp. 1069–1085.
7. Redkina, A. (2016) Interdisciplinary approach to the study of national consciousness phenomenon. *International Letters of Social and Humanistic Sciences*, 69, pp. 23–29.

Persian Source:

1. Ahmadi, Hamid, (2011), Foundations of Iranian National Identity, Tehran, Cultural and Social Studies.

.٢Mohammadi, Abdul Reza Shah, (2011), Survey of the Role of Media in National Security, 44\ Media Studies, Year 6, No. 14, Autumn 2011, Azad Islami University, Tehran Central.